کارەکتەرەکانی یوسف عیزەدین زەرجار نموونەی هاوبەشی ئەم گومانە و گومانە عەقڵانییەن. ئەوان لەناو بیرکردنەوەی بە وەستاندا دەژین، پرسیار لە بوونی خۆیان، لە ناسنامەیان، لە مانای ژیان و چارنووسیان دەکەن. لەنێو نووسەرە گەنجەکان، لە چیرۆکەکانی (ئارام محەمەد) و (جگەر بەختیار) زەرجار هەست بەم دنیایە دەکەین. ئەم گومانە عەقڵانییە، کە دەڵاوکێیەکی فیکریی قووڵ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، وەک ئامرازێک کار دەکات بۆ لێدان لە بنچینەی تێگەیشتنەکانیان لە جیهان و لە خود.

جیابوونەوەی جەستە و ڕۆح (دووانەیی دیکارتی)، یان بەمانایەکی تر، ململانێی نێوان پێداویستییە مادییەکان و بیرکردنەوەی قووڵی عەقڵانی، زەرجار لە ژیانی کارەکتەرەکانیدا هاوڕێنگ دەداتەوە. ئەوان لەناو جیهانێکی ماددیدا دەژین کە زەرجار تووندوتیژ و پڕ لە ناداڵپەروەرییە، بەڵام بیر و هۆشیان سەربەخۆیە و بەردەوام پرسیاری بوون و ناسنامە دەکات.

هەرچەندە عیرفان و فەلسەفەی دیکارت دوو ڕێچکەی جیاوازن بۆ خودناسی (یەکەکیان زیاتر ڕۆحی و هەستەکی، ئەوی تریان عەقڵانی و لۆژیکی)، بەڵام لە کارەکانی یوسف عیزەدیندا دەکرێت بەیەکەوە بن و تەواوکەری یەکتر بن. گومانی دیکارتی دەکرێت ڕێگە خۆشبکات بۆ گەیانێکی عیرفانی قووڵتر، یان بۆ پێچەوانەوە، ئەو حەسرەتە ڕۆحییەی عیرفان قووڵاییەکی فیکریی دیکارتی بۆ کارەکتەرەکان دەبەخشێت. کارەکتەرەکانی یوسف عیزەدین لە دۆخێکی نەوانیدا دەژین؛ گومان دەکەن و بیر دەکەنەوە و دڵیانەوێت بە عەقڵ بگەن بۆ ڕاستی، لە هەمان کاتدا هەست بە تەنیاییەکی ڕۆحی قووڵ دەکەن و بەدوای نزیکبوونەوە لە حەقیقەتی باڵا دەگەڕێن کە لە دەرەوەی سنورەکانی عەقڵ بێت. ئەم تێکۆشاوییە کارەکانی یوسف عیزەدین دەکاتە گەشتێکی فیکریی دوورماند، کە تێیدا خودناسی وەک گەشتێکی هەمە لایەنە و بە کۆتا دەردەکەوێت، گەشتێک کە هەم ڕێچکەی عەقڵ و هەم ڕێچکەی ڕۆح دەگرێتەبەر بۆ دەزینەوەی حەقیقەتی مرۆڤ لە بوونداد.

سەرنج: عیرفانم وەکو فەلسەفەیەکی باڵای خوداناسی باسکردووە نەک وەکو ئەو دنیا خورافییەی تەسەوف لە ئێستادا وێنای دەکا.

تارماییەکانی موشەك و بریندەکانی خود لە شیعری "موشەك"ی "تەیب قادر"دا.. بەند باجەلان

تەیب قادر زەرجار بەدواداچوون بۆ تەوەری بوون و شوناس و بارودۆخی مرۆڤ دەکات. شیعری تەیب گوزارشت لە هەستێکی قوولی حەسرەت و خەبات دەکات کە دەتوانرێت هاوتەریب بکرێت لەگەڵ دیدگای نیتشە. نیشتە بە چەمکەکانی " سوپەرمان" و "ئیرادەی دەسەڵات" ناسراوە. ئەم بیرکانە جەخت لەسەر هەزی تاک و زاڵبوون و دروستکردنی بەهاکانی مرۆڤ دەکەنەوە لە جیهانێکی تایبەتدا.
لە قەسیدەی" موشەك"ی تەیب قادر, لە کاتێکدا وردەکاریی تایبەت سەبارەت بە کوشتن و جەنگ لایەن شاعیرەوە خراوەتەڕوو، دەتوانین تەوەرەکانی قەیرانی بوون، شوناس، یان بارودۆخی مرۆڤ, وەك زەمینەیەکی بۆپیت بۆ گفتوگۆ تێبینی بکەین.
لە دەقی " موشەك" دا, شاعیر بەدواداچوون بۆ ئازاری ئینسان دەکا، جێگای سەرنجە کە دەقەکە, ماموستا لەگەڵ پرسی مانا و ئامانج دەکات، هەنگۆ دەنگدانەوەی ئەو تواناییە وجودییە بێت لە شیعرەکەدا هەیە:

لە شەڕدا نازانن منداڵ چییە
لە شەڕدا نازانن ژن چییە
تەنیا دەزانن مرۆڤ بکوژن
مرۆڤ نابێت بکوژرێت، دڵی هەیە.

- چەمکی "ئیرادەی دەسەڵات"ی نیتشە دەتوانێ لە هێڵی تەوەرەکانی ناو " مەشەك"دا هەنگاو بداتەوە کە جەخت لەسەر خۆاگری و ئیرادە دەکەنەوە و پاڵنەرن بۆ زاڵبوون بەسەر ناخۆشییەکان. ئەم شیعرە، دەست دەخاتە سەر بابەتکانی خۆاگری و توانای هێڵی مرۆڤ بۆ بەرگەگرتن، ئەمەش خاڵێك بۆ جەختکردنەوە لەسەر گۆشە فەلسەفییەکانی نیتشە دابین دەکات.
-بریندی ئەم دەقە کە هەگ و ێیشەی لە کولتوور و زمانی کوردیدا هەیە، هەوانگێیکی ناوازە بۆ شوناس و تەوەرە وجودیەکان پێشکەش دەکات. فەلسەفەی نیتشە، جەخت لەسەر هێڵی

تاک دەکاتەوە لە دروستکردنی شوناس و بەهاکانی خۆیدا. "موشەك" دەتوانێت وەک گۆڕانکێی دژە مەدێرنە بە ئەم بابەتانە دەربکەوێ، ناسنامەی کولتووری لەگەڵ پرسیارە وجودییەکان تێکەڵ دەکات:

ئەو دەیەوێت گەورە بێت و بچێتە زانکۆ و
ببێتە ئەندازیار و
نەخشەیەکی نوێ بهێنێت و
بینایەك دروست بکات،
تا هەست بکات زیندووە.

ئەم شیعرە، تەوانینێک پشکنش دەکات کە چۆن فۆرمە جیاوازەکانی دەربڕین تاقی بکەینەوە بۆ گوزارشت کردن وەك چۆن باس لە تەوەرە گشتگیرەکانی بوون، شوناس و بارودۆخی مرۆڤ دەکا, تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە بەردەوامەکانی خود لە ئەستانەی ژیان و ستەمی جیاوازی ئینساندا.

بە لێکدانەوە لە تەما و مەتیفەکانی ناو شیعری (تەیب) و بیرکۆ فەلسەفیەکانی نیتشە، دەتوانین تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پرسیارە وجودییەکان کە پەیوەندیدارن بە شوناسەوە بدەست بهێنین, کەواتە دەقەکە بۆ گۆڕان بەدوای تەوەرە وجودیەکان و شوناس و بارودۆخی مرۆڤ دەناسرێتەوە:

ئەو دەیەوێت تەنیا ببێت بە دایك
ئەو دەیەوێت تەنیا ببێت بە باوك

بۆکارهێنانی هێما و وێنە و مەتافۆر، دیمەنێکی دژەمەند و ئاڵۆز دروست دەکات کە خوێنەران بانگهێشت دەکات بۆ ئاوەڕی بیر لە بوون و شوێنی خۆیان بکەنەوە لە جیهانەدا, تاک هاندەدرێت بۆ تێپەڕاندنی سنوورەکانی خۆی و هاوەڵدان بۆ گۆڕینی ئاسمانی, ئەم تەوەرە لە خواستی خود بۆ زاڵبوون بەسەر ناخۆشیەکان و گەیشتن بۆ ئامانجەکانی ڕەنگ دەداتەوە, دەتوانرێت گەشتی خود وەک پرسیێکی داهێنەرانە سەیر بکرێت، کە دەبێت بە خیابانی ئاڵۆزیەکانی بووندا بڕوات و بە مانای خۆی بگات. ئەنجام: ئەم شیعرە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆنەکانی مرۆڤ و ئازار, لەو سیاقە (ئەدەبی_ فیکری)یە، دەتوانین تێگەیشتنێکی قووڵتر لە وجود و شوناس بدەست بهێنین کە لە "موشەك"دا خراونەتەوو, هاوکات بەهای ئینسان و توانای مانەوەی ئەو ئینسانە و ستەمی ئینسان دەرحەق بە ئینسان، بەیان دەکا، پەمان دەڵێ کە زەمین پڕە لە تاوان مەگەر خەیاڵی جوانییەکانی ئاسمان ئارامی بێت.

سەرچاوە:
موشەك، تەیب قادر، سایتی (تەم)، 2025
در امدی بر جامعە شناسی ادبیات: لوکاج، ادورنو، گلدمن، گرامشی، مترجم: محمد جعفر پویندە، نشر چشمە، تهران، ۱۳۸۰.
المدخل الی الفلسفة، جون لویس، ترجمة: د. انور عبدالملک.

فیکر و کێشە فیکرییەکان لە فەزای دەقی ئەدەبیدا.. بۆند باجەلان

چەمکی دەق و دەزینەوەی پێناسەیەکی گشتی بۆ دەق بەر لە نووسینی دەق، پێویستی نییە و دەکرێ بەبێ ئەوەی لە خۆمانمان پرسیبێ دەق چییە، قسە لەبارەی دەقەوە بکەین و چەندین دەق لە ئاست و بواری جیاجیادا بنووسین. کردەی نووسین خۆی گوزارشتکردنە لە مانا و پێناسەی دەق. (پۆل ڕیکۆر) پێی وایە دەق گوتارێکە لە ڕێگای نووسینەوە نەبێت, ناچەسپێت. لەو ڕوانگەیەوە قسە لەبارەی چیرۆکێکەوە دەکەم کە (منارەی ئاوەدانی)یە، بەبێ ئەوەی پێناسەی چیرۆکم کردبێت. ئیشی چیرۆک کردنەوەی نیشتمانێک نییە بە ڕووی دنیادا. ڕێشنبیران لە (یابان) هاوڕان لەسەر ئەوەی بنەماڵەی (میچی) فاکتەری کرانەوەی یابان بوون بە ڕووی شارستانیەت و ڕێشنبیریی ڕۆژئاوادا نەک هونەر و چیرۆک و نووسین بەگشتی. (منارەی ئاوەدانی) بە وێستگە و ئایدیا و میتۆدێکی دیاریکراوەوە نابەستمەوە، هاوکات دژی ئەو ترادسیۆنە دۆگمایانەم کە ئەدەب پڵڕن دەکەن.
میتۆدەکان لە ڕێگای ئەو مەعریفەیەی هەیان گرتووە، لەسەر گرفت و کەلێنی میتۆدی بەر لە خۆیان ئیش دەکەن. میتۆدخوازی خانەبەندکرنی ئەدەبە، ئەمەش زۆمکردنە لە دەق. بەرهەمەکانی (ساموێل بێکت) دەدرانە پاڵ مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم، بەڵام مۆدێرنیزم و پۆستەکەی لە گرانن، کەچی هێشتا دەقەکانی ئەو نووسەرە خوێنەری خۆیانیان هەیە و جێگیرن. (دیستۆقسکی) دەقەکانی بە نەیاری ڕەوتێکی

ئەدەبی دادەنران و (لینین) لە بیستەکاندا گوتبووی ڕقی لە خاوەنی ماڵمانی (برایانی کارامازۆف)ە. (لینین) کۆتایی هات و (ستالین)یش بەدوایدا، بەناو دەقەکانی (دیستۆفسکی) ئاستاش دەخوێندرێنەوە و لای هەندێک بە سیمبوڵ و سوپەر ناودەبرێن.
بەشێک لە کلاسیکیاتی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر ئەو کاتە خۆی مانیفێست دەکا کە ئیش لەسەر سۆز دەکرێ. نزیکبوونەوە لە سۆز بە مانای دوور کەوتنەوەیە لە شوناس (مەبەست لە سۆزێکی نائەقڵانییە، چونکە زۆربەی سۆزەکان لە بۆشاییدا دروست نابن و بێ فیکرێو دەبەسترێنەوە). شتە چەسپاوەکانیش سوود لە سۆز وەردەگرن. مەرج نییە قووڵبوونەوە لە هەموو بابەتە هزرییەکان و گەلانەوە بێ لقە ئاڵۆزەکانی فەلسەفە و گەلان بەدوای یاساکان بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی یاسایی بێ قسەکردن لەبارەی چیرۆکێو بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی (کاروان کاکەسوور) دەیاننووسێ، پۆیست بن (لێرانەدا باسی یاسا دەکەم و باسی فیکر ناکەم، چونکە یاساکان بەرهەمی سۆز و فیکرن و سۆزیش وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە فیکر باسی کراوە).
چیرۆکنووس بەبێ بوونی خوێنەری جدییش دەتوانێ زۆرجار داهێنان بکا. دژی ئەو بۆچوونەی (عەبدولموتەلیب عەبدولا)م کە پێی وایە داهێنان ئەو کاتە دەردەکەوێ کە ئامادەگیی هۆشیارانەی خوێنەر و بیرکردنەوە و چێژی خوێندنەوە بوونیان هەبێت و داهێنان بێ بەشداریی خوێنەر لەنگە. (عەبدولموتەلیب) ئاستی داهێنانی بەستێتەوە بە ڕێژەی خوێنەرەوە. ئەو بۆچوونە کوشتنی داهێنانە وەکو چەمکێک و سەندنەوەی ئازادییشە لێی وەکو کردەیەک. داهێنان پێویستی بە ئامێژگاری و سنوور نییە. ئەمە بەتاڵ کردنەوەی وزەی داهێنانی پێ دەڵێن.
چیرۆک وەکو ژانرێکی ئەدەبی، زۆرجار لقی زانستی و فیکری و کەلەپوری هزری مۆدێرنی لێ دەبێتەوە. بێ لێدوان لەبارەی چیرۆکگەلێکی لەو شێوەیەوێ، ئەوەندەی پێویستیمان بە دیزاینەوەی توخمە چیرۆکییەکان و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان هەیە، دوو ئەوەندە پێویستیمان بە گەلانەوە هەیە بۆ ووتەکردنی زەینی و سەرچاوە فەلسەفی و ئایینی و ئایدۆلۆژی و کۆمەناسی و زانستییەکان بەگشتی. بە خوێندنەوەی هەندێک چیرۆک، دەگەڕێنەوە بێ گەردون و نهێنییە گەردونییەکان، ئەمە بێ ئەو چیرۆکانەی گرنگی بە ووداوە بینراوەکان دەدەن و کەمتر ئیش لەسەر ئەفسانە و خەیاڵ دەکەن، ئەو چیرۆکانە سەردێری نزیک لە زەینیان هەیە. ئەو چیرۆکانەشی لە دەرەوەی گەردونەوە سەرچاوە دەگرن و وەکو چیرۆکی ناواقیعی پێناس دەکرێن و جێگیرمان دەکەن لەناو ئەو فەزایەی چیرۆکەکەی تێدا دەخوێنرێتەوە.
جێگیرکردنەکە زادەی گەلان و ئاشکراکردنێکی بەردەوام بووە لە

سەرتادا، فرە جۆرێک لە هۆگریمان دەکەن بە بابەتە سەیر و نامۆکان و تەسک کردنەوەی بازنەکانی واقیع، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەرەو کامڵبوونی ئەدەبیاتمان ببەن, چیرۆکنووسەکەش هەوڵ دەدا وەکو بەهیمی یان پشەنگ دەربکەوێ. (ڕۆبەرت مۆزیل)ی چیرۆکنووس لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: ددان بەوەدا دەنێم کە ئەوەی دیرۆکی نییە، من لە بەردەمی ڕووداوە واقیعییەکاندا نیم، دەتوانین لەبری ئەوان ڕووداوی تر بگێڕینەوە.
(مارکیز)ی ڕۆمانووس لە ڕۆمانێکیدا پەنای بۆ سەرچاوەی شێوەکاری بردووە. مارکیز لە تەمەنی 9 ساڵیدا گەشتێک بەنێو ڕووباری (مەجدەنیا)دا دەکات و لە ڕۆمانی (خشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا)دا دووبارە بۆ ئەو گەشتە و دیمەنەکانی ئەو ڕووبارە دەگەڕێتەوە. (مارکیز) پێی وابوو شێوەکارەکان وێنەی ڕووباری (مەجدەنیا)یان جوان کۆشاوە. (کاروان)یش لەم چیرۆکەدا دیمەنە جوانەکانی ئەوروپا بەلاوە دەنێت و بۆ وێنەیەک دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات کە وێنە منارەی چڵییە. سەرەتای چیرۆکەکە ئاوایە:
لە کاتێکدا دەستت لەناو قوڕەکەدایە و دەتەوێت ئەسپێک بۆ (ئالان)ی خوشکەزات دروست بکەیت، خشت نازانی بۆ بیر لەوە دەکەیتەوە، کە تۆ ئەوەتا وا تەمەنت لە چل تێدەپەڕێت و هێشتا منارەی چڵیت لە نزیکەوە نەبینیوە.
چیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)ی (کاروان کاکەسوور) ڕاڤەیەکی دیکەی جیاوازی داهێناوە بە پشت بەستن بە زمانی ئەرگیناڵ. لە ڕێگای چیرۆکەکەوە جیاوازی لە نێوان چیرۆکی مەعریفی و ئیبداعی و چیرۆکی پەرپوتدا دەبینین. دەقەکە ورد نووسراوە و ڕەچاوی وردبینیی مەعریفی کراوە و پێمان دەڵێ کەکەبوونی شتە دووبارەکان ئاماژەن بۆ فیکرێکی تەسک و نووتەک و سەرچاوەیەکی شێواو و تەسلیمبوو بە هیچ. (سەلامە موسا) کە نووسەرێکی مسرییە و بەرهەمی دیاری هەن، وای داناوە کە نابێ نووسەر لە دەربڕینەکانیدا وردبینی مەعریفی لە بواڕەکانی فەلسەفە، ئەدەب، ئەخلاق ڕەچاو نەکا.
چیرۆکەکە پشکۆش بەو کەسە کراوە کە وای لێ چیرۆکنووس کردووە بە ناچاری واز لێ یاریی تێپی پێ بهێنێت. وازهێنان لە تێپی پێ بەبێ مردنی ئەو حەزە لە ناخدا، وازهێنانە لە کردەیەک بە قسەی جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک، قسەیەک هێندە کاریگەریی دەبێت، تێپ دەبێتە بۆمبێکی دانراوە، بەڵام فوتبالێ وەکو هونەرێکی نزیک لە چیرۆک و ئەدەب و فیکر و جوانی، لە ناخیدا ڕەگی خۆی قایمتر دەکا:
پشکەشە بەو هاوڕێ یاریکەرەم، کە لە بەهاری 1982 لە ستادیۆمی هەولێر لە بەرچاوی دەیان کەس گاڵتەی پێ کردم و پێی وتم: (بڕۆ واز لە تێپ بێنە، چونکە تۆ نە لە تێپ تێدەگەی و نەدەزانی شووتی لێ

بدەی)… هەر بە ڕاستی لەو کاتەوە من نەمتوانی یەک شەقی تر لە تۆپ هەڵبدەم و وازم لە تیمەکەمان هێنا، بەڵام ئەوە وای لێ نەکردم لە خەیاڵی خۆمدا دەست لە یاریی فوتباڵ هەڵگرم.
ئەو چیرۆکە قسەکردنە بێ ئەویتر، بەڵام هەست بە خودئاگایی و بڕیاریی نووسەرەکەی دەکەی لە قەیرانەکان، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەدەبیات کە دەرەنجامی قەیرانەکانن. دوای شکستی شۆڕش، ئەدەبیاتی کلاسیک لە دەقەکانی (شارل بۆدلێر) و (گوستاق فلۆبیر) چێ بووە کە پێ بوون لە کێشە و قەیران. (سارتەر) باوەڕی بە کاریگەریی بیۆگرافی هەبوو لەسەر دەق و پێی وابوو ئەو نووسەرەی خودئاگایانە دەنووسێ بەرەو جۆرێک لە عەقڵویەت دەچێت. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سارتەر ناکۆکم، بەتایبەتی کە ئێستا خەریکم قسە لەبارەی چیرۆکی منارەی ئاوەدانییەوە دەکەم و هیچ عەقڵویەتێک نابینم.
(کاروان) باسی قەیرانی مەملەکەتێک دەکا لە دەرەوەی ئەو مەملەکەتە. کاتێ ئەو چیرۆکە دەخوێنینەوە و دواتریش دەبیستین نووسەرەکەی لە (دانیمارک) دەژیێ, تووشی شۆڕان دەبین، ئەمەش جیاکەرەوەی چیرۆکی (کاروان)ە لە چیرۆکی (شەرزاد حەسەن، عەتا نەهایی، عەتا موحەمەد، یوسف عیزەدین و… هتد)
ئەگەر بەراوردێک لە نێوان (کاروان کاکەسوور) و (شەرزاد حەسەن)دا بکەین، دەبینین (شەرزاد) کێشەی بەردەوامی هەیە و نەیتوانیوە بە هەمان هەناسەی (حەسار و سەگەکانی باوکم) درێژە بە ئەزموونی نووسینی خۆی بدا، کاتێکیش دەگەینە سەر (خەونی جاجانکان و ژنکی منگن), تووشی نائومێدی دەبین. بەردەوامی نەبووەتە کێشە لە بەردەم ئەزموونی نووسینی (کاروان)دا. (بەختیار عەلی) لە شونێکدا لەمەڕ بەرهەمێکی (کاروان)دا پێی وایە ئەگەر ئەو بەرهەمەی (کاروان) باشترین کەمەڵە چیرۆکیش نەبێت کە لەو چەند ساڵەی دوایی خوێندوویەتیەوە، ئەوا بێگومان یەکێکە لە باشترینەکان.
ئێستا کە من هاتووم قسە لەبارەی منارەی ئاوەدانییەوە دەکەم، ماوەیەکی زۆر بەسەر وتەکەی (بەختیار)دا تێپەڕیوە، بەڵام هەمان بۆچوون دووبارە دەکرێتەوە.
ناڵێم ئەو بۆچوونەی من تەواو عەقڵانییە، بەڵام دڵنیام لەوەی پێچوانەکەی نییە. عەقڵانیەت لە پێناسە کۆنەکەیدا بریتییە لە پشتبەستنێکی قایم بە عەقڵ و نەگەڕانەوە بۆ واقیع و ئەزموون بە مەبەستی شی کردنەوە و گەیشتنە ئەنجام. مەبەستی من لە عەقڵانیەت ئەو بۆچوونە تەقلیدییە نییە، من باوەڕم بە گەڕانەوە بۆ واقیع هەیە. عەقڵانیەت (rationalism) لەلای (فاروق هەفیق)، ئەو قوتابخانە فەلسەفییە کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی

مۆدێرنیتە و پێگەیشتنی شانبەشانی ئەزموونگەرایی(empiricism) هاتە کایەوە. (فاروق) پێی وایە عەقڵانیەت ناوێکە بۆ کۆمەڵێک تیۆری جیاواز کە خاڵی هاوبەشی نەوانیان باوەڕە بە عەقڵی مرۆڤ کە دەتوانێ وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی ناو کایەی فەلسەفی بداتەوە، بەڵام من عەقڵانیەتم بۆ (منارەی ئاوەدانی) بە مانای گەڵانەوەیەکی هێواش بۆ عەقڵ بە کار هێناوە و ئەو ڕێگەیەم نەبەخشیوەتە عەقڵی مرۆڤ.
مرۆڤ کە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە لە چلۆنایەتیی ناخ و نهێنییەکانی خۆی بگات، مەحاڵە بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە گەورانە بداتەوە کە فەلسەفە دەیانکات، مەبەستم لە گەورەیی پرسیارەکان لە ڕووی قەبارەوەیە نەک لە ڕووی بەهاوە. عەقڵ لای من چیتر ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر نییە کە (فاروق) و بەشێکی زۆری فەلسەفەکارەکانی ڕۆژئاوا بۆیان دیاری کردووە، بەتایبەتی لە مەسەلەی پەیوەست بەو بەشەی ئەدەبەوە. هەبەتە ئەوان ئەو ئەرکە بە ئەرکێکی قورس دانانێن، بەکو بە فاکتەری جووڵانەوەی عەقڵی دادەنێن, بە پێچەوانەوە من بە ماندووکردنێکی بەمانای عەقڵی دادەنێم و هیچی تر. دیسانەوە وتە بەناوبانگەکەی (کارل مارکس) دەهێنمەوە: بیرکردنەوە لە ناگەڕێ بژیم.
بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو دەقەی (کاروان)ەوە عەقڵم نەکردۆتە سەنتەر. ئەرکی عەقڵ لە چیرۆکدا ئاشکراکردنی شتە پەنهان و نادیارەکان نییە بە پشتبەست بە کەرەستەی بەرجەستە. گەر وامان کرد ناچار دەگەڕێینەوە بۆ ئەو غەریزانەی قاچێکیان لە نادیارە و قاچێکی تریان لە دنیادایە، بە مەبەستی فەراهەمکردنی ژیان و گەیشتن بە حەقیقەتی پێویستبوونی بوونی چیرۆک و غەریزەی مانەوە.
ئەو بۆچوونەی (شۆپنهاوەر) کە پێی وایە دەبێ لە بڕامبەر بوونی جیهان شیوەن بگێڕین نەک پێبکەنین، ڕەت دەکەمەوە. شیوەن گۆڕان بۆ بوونی جیهان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەم کردنەوەی بەهای ئەدەب و چیرۆکە، بەتایبەتیش کە ئەو ئەرگومێنتانەی شۆپنهاوەر پشتی پێ بەستوون، لەگەڵ ئەو ئەرگومێنتانە تۆک ناگرنەوە کە من بۆچوونەکانی خۆم پێ سەلماندوون لە باسەکانی پێشترمدا. پێشم وایە بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر ئەنجامی نەبوونی هەندێ گوتاری سەرەکییە.
بیرکردنەوە وەکو یەکێک لە جدیترین کایەکانی مەعریفە ناکۆڵنمەوە و بەهای کەم ناکەمەوە، بەڵام دەبێت پرسیارە ئەدەبییەکان لە دەرەنجامی تێگەیشتنی تەواو لە دنیای ئەدەب سەرچاوە بگرن.
مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چیرۆکە تووشی وەسوەسەی بۆیاردانمان دەکا. بۆچوونەکانمان لە دۆرکیەوە بۆ دۆرکی تری دەگۆڕن، کاریگەریی چیرۆکەکەش لەسەر خوێنەرێک بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازە. لەلای (ڕۆلان

بارت) تەکستی نووسراو زیاتر لە واتایەک هەدەگرێ و فرەدیو و فرەناوەرەکە. واتاکەی لە خوێنەرەکەوە تا خوێنەرێکی تر جیاوازی هەیە. (دێریدا) پشت بەست بە هەوەشاندنەوە و شێوونەوە بۆ نێو هەیکەلیەتی زمان و گوتاری سەنتەریزمی لۆگۆسی خود سەنتەریدا، بە گومان بوو لەوەی دەق یەک واتا هەبگرێ، بۆکو هەچاوی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەق دەکرد. ئەمەش بناغەی فەلسەفەکەی (دێریدا) و ئەو گۆڕانانە بوو کە لە هزری فەلسەفیدا ڕوویاندا. بەمەش زەبرێکی کوشندەی لە بونیادی گوتاری هزری و ئەپستمی ڕۆژئاوا دا.
من هەستم بە سادەبوونەوە و ژیان کرد لە دنیای نێو چیرۆکەکە، بە پێچەوانەی چیرۆکەکانی (کافکا) و (جیمز) کە دنیا لە چیرۆکەکانیان وەکو شتێکی ئاڵۆز و بێمانا دەردەکەوێ. جیاوازیی کافکا لەگەڵ جەمز لەوە دابوو، کافکا بە دوای مانایەک بۆ دنیا دەگەڕا، بەڵام جەمز باوەڕی بە هیچ نەبوو. جیاوازیی دنیای (کاروان) لەگەڵ هەردووک نووسەر لە بوونی مانایەکە بۆ دنیا، تەنانەت ئەگەر ئەو مانایە سەرچاوەکەی بێمانایی بێت. کوژرانی (ست ساماڵ) بە دەستی (ساماڵ)ی کوڕی و کوژرانی (ڤیان) لەسەر قسەی باوکی, مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دنیایان لە پشتە، لەناو کوشتنیشدا هێشتا دنیا هەناسە دەدا. نامەوێ (کاروان) لەگەڵ (کافکا) و (جەمز)دا بەراورد بکەم، بەڵکو دەمەوێ دەقەکانیان بەیەکدا بدەم، بۆ ئەوەی لە ڕوگای ئەو بەیەکدادانەوە مانا مانیفێست بکەم. ئەو بەراوردکردنانە ئەگەر دەرەنجامیان نەبێت، ئەوەندەی زیانیان بۆ دەق هەیە سوودیان پێ نەگەیاندووە.
چیرۆکەکە بەڕۆ دروستکردنی ئەسپێکی قوێنەوە دەست پێ دەکا. ئەسپی قوێن دەکڕێ وەکو دیاریکەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتی و کاتی چیرۆکەکە چاوی لێ بکرێ. ڕاستەوخۆ بۆ دیاریکردنی کاتی ڕووداوەکە ئیش نەکراوە و بایەخ دراوە بە لێکتەنراوی. بۆ ئاشکراکردنی ناوی کارەکتەری سەرەکیش کە (زەرەقان)ە، هونەرێکی دیکە بە کار هاتووە و چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ نەیگوتوە کارەکتەرەکەمان (زەرەقان)ی ناوە:
ئەگەرچی تۆ تاکە ڕیزەرف نەبوویت، بەڵام ئەو ناوە تەنها بەسەر تۆدا بڕا و هەر ئاوا بانگ دەکرایت... سەرەتا وات دەزانی وشەکە هەندێک لە ناوی خێتەوە نزیکە، یان با بڵێین لەنێوان (ریزەرف) و (زەرەقان)دا زەربەی پیتەکان هاوبەشن....

گرنگترین ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە دەقەکەوە:
ئەو کاتەی چەمکەکان جگە لە مانا بنەڕەتیەکانیان مانایەکی دیکەی دوور لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیانیان پێ دەدرێ، جارە گەمەیەکی

زمانەوانی دەتە پێشەوە و چۆڕکی ئەدەبی دەبەخشێ. وشەی (mach) کە بە مانای یاریی نێوان دوو تیم دێت، نزیک کراوەتەوە لە وشەی (ماچ)ی کوردییەوە. وشەی (coach) کە بەمانای ڕاهێنەر دێت، پەیوەندییەکی ئەدەبی بێ دروستکراوە لەگەڵ وشەی (کۆچ)ی کوردی. کەمەڵە چەمکێکیش زەق کراونەتەوە:

- **ترس و چۆژ:**
لە دۆقکێدا پەیوەندییەک لە نێوان ترس و چۆژدا هەیە. لە ترسان لەو چیرۆکانەی باسی منارەی چۆلی دەکەن تا ترسان لە (ست ساماڵ) کە مامۆستایە لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کچان و بەهۆی لە سێدارەدرانی مێردەکەیەوە بە بەردەوامی جلی ڕەش دەپۆشێ، هاوکات چۆژ وەرگرتن لە لایەنێکی چیرۆکەکان و جوانیی (ست ساماڵ). نەترسان نیشاندانی ئادگاری مرۆڤی ڕاستەقینە نییە.
لای من شتێک نییە بە ناوی مرۆڤی ڕاستەقینە و مرۆڤی وەهمی. (میشێل فۆکۆ) بەهۆی ئەو ڕەخنە بەهێزانەی ئاڕاستەی کران، خەڵکی لە فەلسەفە ڕادیکالییەکان دوور خستەوە، پێی وابوو شتەکان مرۆڤی ڕاستەقینەن، چونکە شت دڕک بەو مەعریفەیە دەکا کە گەیشتن پێی ئەستەمە و شتیی لە دیاردەیەکی پزیشکییەوە کرد بە دیاردەیەکی کەمەڵایەتی.
بۆچوونی من زیاتر لە وتەکەی (پاسکال)ەوە نزیکە کە پێی وابوو شتەکان تا ئەندازەیەک شتن، نکۆیکردن لەو شتییە بێ خێی جۆرکی تڕە لە شتی. (فۆکۆ) دەڵێ: شتیی هونەرمەند و ئەدیب لەودیو خەیاڵدانیەوە خێی مەناس داوە. (زەرەڤان) شت نییە و چیرۆکەکەش شتانە شتیی نەگۆاوەتەوە. بوونی هەر ڕەفتارێکی شتانەش لە چیرۆکەکەدا پەیوەندیی بەو ترس و چۆژەوە هەیە کە پێشتر باسمان کرد، نەک بە ڕادەی ژیری و پیاوبوونەوە.
- **بوون:**
فیکری (هایدگەر) بە ڕەت کردنەوەی ئایدیاکانی (دیکارت) دەست پێ دەکا. کاریگەریی لەسەر فەلسەفە و میتافیزیکی ڕۆژئاواییدا هەبوو. بە بەردەوامی دەپرسی: بوون چییە؟ ئەو پرسیارەی لە سەردەمی (سۆکرات)ەوە تا سەردەمی (دیکارت) بە لاوە نرابوو. (هایدگەر) ئامادەگیی تێدا نەبوو دەست لەو پرسیارە هەڵگرت و دەیگوت ئەو کەسە فەیلەسوف نییە پرسیاری زەر و زەبەند دەوروژێنێ و بەبێ وەڵام دەیانهێڵتەوە، ئەو

کەسە فەیلەسوفە کە هەموو ژیانی بۆ تاکە پرسیارێک تەرخان دەکا.
ئەنتۆلۆجیا لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بەهای بۆ گەڕاوە. باسی بوون باسێکی قووڵە و گرانەوەی مەحاڵە، بەبێ بوونی پێناسەیەکی گشتیی بوون (وجود) و عەدەممان کردبێت بە دژی یەکترمان داناون. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەمکە لە چیرۆکەکەدا مامەڵەیەکی تایبەتییە. (ئەرستۆ) پێی وایە بوون گشتگیرترین و هەمەکیترینە و دەکرێ بە فەلسەفەی یەکەم ناوی ببەین وەکو جیاکارییەک لەگەڵ فەلسەفەی دووەم کە زانستی سرووشتە. لە چیرۆکەکەدا باسی بوون و پەیوەندیی مردووەکان بەم دنیایەی ئێمەوە و هێنانەوەی مردووەکان لە منارەی چۆڵی هاتووە.

- **کۆمەڵایەتیبوون:**

ئەگەر چیرۆکنووس بکەوێتە نێو نەستی کێوە، مانای وا نییە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی فیکری مێگەڵ و کێنەپارێزانەوە. نزیکبوون لە کەسێک یان کەشێک مانای تێگەیشتن نییە لێی. (فوئاد ڕفقە)ی شاعیری لوبنانی کە وەرگری خەڵاتی گۆتەیە دەڵێ من زۆر لە گۆتەوە نزیک بوومە، بەڵام لێی تێنەگەیشتم، چونکە دەتوانم لە فەیلەسوف، شاعیر، زانا، پیاوی یاسایی تێبگەم، بەڵام تێگەیشتن لە کەسێک کە هەموو ئەوانەی لە خۆ گرتووە، ئەستەمە. منارەی ئاوەدانی پەیوەندیی بەو کەشوهەوا کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە نووسەر تێیدا ژیاوە، پێچەوانە لەگەڵ بۆچوونێک لە فەیلەسوفەکان کە پێیان وایە پەیوەندیکردنی بەها ڕۆحییەکان بە ئەدەبیشەوە بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، مانای تێگەیشتی لاوەکیی ئەو بەهایە دەگەیەنێ.

- **ئەوین:**

ستوونێکی ئامادەیە لە دەقەکەدا، ئەوە ئەوین بۆ منارەی چۆلییە وا لە (زەرەقان) دەکا، دەست لە دروستکردن هەڵبگرێ و بەرەو دروستکراوێک کە منارەکەیە بچێت. ئەوین پەنهانە لە تێکستەکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بوونی نەبێت. دیاریکردنی جۆری ئەو ئەوینە تێزێک زەحمەتە. (ستاندال) عیشق پۆلێن دەکا بۆ جۆرەکانی: عیشقی پەرشی, عیشقی جوانیناسانە (aesthetic love)), عیشقی فیزیکی (عاشقبوون بە جەستە).
ئەوینی (زەرەقان) لە جۆری یەکەمەوە نزیکە. دوای چل ساڵ ئەوینی بینینی منارەی چۆڵی لە نزیکەوە لەلای سەرهەڵدەدا، ئەمەش کەکە لەگەڵ (سپیونزا) کە پێی وابوو ئەوین دەبێت ئاسوودەییەکی پشت بەستوو بە مەعریفە و هۆکارەکانی بێت.

جوانی وەکو هەکارێکی مەعریفە، بە شێوەیەکی سەربەست بوونی نییە، بەڵکو بینینی بەستراوەتەوە بە شتە وەهمی و بەرجەستەکان بە دەقیشەوە کە لە نێوان وەهم و بەرجەستەکاندایە. مەرج نییە لەناو هەموو جوانییەکدا ویست لەناو بچێت.

- **خەکوشتن:**

ئایا خەکوشتن لەنێو چیرۆکدا تاوانە یان هەڵەیە؟ تازەگەریی ڕۆژئاوایی لەسەر فەردانیەت وەستاوە و ئەو فەردانیەتە ژنیشی گرتۆتەوە, فەردانیەت کە زۆرجار وێستگەی گەیشتنە بە خەکوشتن. ڕەخنەی (شێپنهاوەر) لە یەهودگەرایی و زانا یەهودییەکان لەوەدایە، خەکوشتنیان حەرام کردووە بەبێ ئەوەی لە کتێبەکانیاندا حەرام یان حەڵاڵ کرابێ.

بەڵای (شێپنهاوەر) خەکوشتن ڕۆگرە لە بەردەم زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ویستدا، بەڵام هەمان بڕچوونی (ئەرستۆ) و (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (زەینۆن)ی هەیە کە هەر کاتێ مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە پاڵی پێوە بنرێت بۆ خەکوشتن و ئیتر ژیان بۆ ئەو قەفەسێکی داخراو بێت، دەکرێ خۆی بکوژێ. (شێپنهاوەر) خەکوشتنی بە تاوان دانەناوە و بە هەڵەی داناوە.

(ئەمیل دۆرکهایم) بڕچوونێکی تا ڕادەیەک نزیکی هەیە لە (شێپنهاوەر). ئەو لە کتێبی (خەکوژی)دا خەکوشتن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە. (فرۆید) دەیگوت خەکوشتن سەرەتای لە دایک بوونە. بە بڕچوونی من بۆی هەیە ئەو تازەی (شێپنهاوەر) بۆ دەقە ڕۆژئاواییەکان قسە هەبگرێ، بەڵام بۆ چیرۆکە ڕۆژهەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی (کاروان کاکەسوور و سادقی هیدایەت و مەحمود دەوڵەت ئابادی و عەزیز نەسین و... هتد) دەیاننووسن بایەخی نابێت، مەگەر نووسەر بیەوێ لە ڕۆگای خەکوشتنەوە بەهای خەکوژەکە دیاری بکا، بیەوێ لە ڕۆگای کوژرانی ژیانەوە جوانیی ژیان پێشان بدات (ماناکەی).

ژن:

ژن لە چیرۆکەکەدا یەکسانە بە (ڕۆح و جەستە). لە دەقەکەدا تەنیایی وەرسکەرە، بەڵام تەنیایی ژن کوشندەیە. تەنیایی کوشندە بە مانای مانەوەی تەنها لەگەڵ خود نایەت، بە مانای سڕبوون و متبوونی ئەبەدی دێت. ژنی سڕبوو تەنیایە، بەبێ ئەوەی حەز لەو تەنیاییە بکا یان بیری لێ کردبێتەوە. (ست ساماڵ و ڤیان) دیارترین نموونەن. بیرکردنەوە لە ژن بەرهەمی مەعریفەیە، واتە ئەوە مەعریفەیە ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە ژن

وەکو کێشە سەیر بکرێ.
ژن وەکو کێشە لە بەردەم ئاراستەکردنە ناەواکانی پیاودا هاتووە. دەقەکە پێمان دەڵێ: بەهۆی بوونی ناکۆکییە فیکری و جیاوازییە میتۆدییەکانی نێوان ژن و پیاو، کارەکتەری ژن لەلای بەشێکی گەورەی پیاوانی دنیا، خەسڵەتی عیشقە مۆدێل و خودی پێ دراوە و زۆرجاریش لەو ڕوانگەیەوە پەراوێز خراوە.
تاقی کردنەوە و تەفسیرکردنی ڕەوتی ئایدیاکانی ژن، لە ڕوانگای دنیابینی و مەرام و نیازی لێژیکناسە پیاوەکانەوە، زۆمێکە بۆرامبەر ژن ئەنجام دەدرێ. پیاو قەت لە ژن و چلۆنایەتیی ناخ و کێشە و مەعریفەی ژن تێ ناگا، ئەگەر لەو بازنە کۆنەی هەیەتی دەرنەچێت و بۆیارەکانی باکگراوندێکی ژنانە لەخۆ نەگرن. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری، فلتەرێک نییە بەشێک لە حەقیقەتی ژنبوونی لەخۆ گرتبێت، بۆیە بۆچوونە دروستەکان دەبنە دۆگما. لەو وڵاتانەی نەتەوە جیاوازەکان تێکەڵبوونە و وڵات بەرەو پلورالیزمێکی کۆمەڵایەتی چووە، مەودای نێوان ژن و پیاوی هاونەژادی و هاونیشتیمانی لە کشاندایە. هێی تر کە ڕوانیان هەبووە لە دروستبوونی ئەو مەودایە، لاوازبوونی ئینتیمایە بۆ ڕابردوو و تێادسیۆن و هۆشیاریی مێژوویی.
بەگشتی لە دیدی تاکەکانەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژنانەی بوونە بە دایک لەگەڵ ئەو ژنانەی هێشتا نەبوونەتە دایک. ئەو جیاوازییە لە چیرۆکەکەدا هاوار دەکا. زۆرن ئەو شاعیر و نووسەرانەی ئافرەتیان بە شەیتان داناوە و باسی دایکی خۆیانیان وەکو فریشتەیەک کردووە کە هیچ وزەیەکی ئەهریمەنی تێدا نییە. ئەمە لە وتاری (دایکانێکم هەن، میهرەبانترن لە گەڵای درەخت…)ی (ڕێبوار سیوەیلی) لە پەرتووکی (نەتەوە و حیکایەتدا) بە ڕوونی دەردەکەوێ.

-حەقیقەت:
چیرۆکەکە فەزا و زەمینەی ئازاد و فرەڕەنگ لە ناخی بونیاد و ستراکچەرەکان ڕەنگرێژ دەکا و ڕووگە جیاوازەکان کەشف دەکا لە خەیاڵگە و ژێرخانی ئەدەبیدا. گەرەکیەتی دیدگا و ڕوانینێکی ترمان پێ ببەخشێ بۆ چیرۆک. دەقەکە بۆتە ئەو فەزا ڕوونەی تێیدا حەقیقەت بۆ نێو بیری وەهم شڵێ دەبێتەوە، تاوەکو حەقیقەتی گەورە لە گۆشەیەکدا بەرجەستە ببێت. زۆربەی کەناڵەکانی گەرەکیانە خۆیان بە جیاوازگەری و ئیستێتیکا و زەخرەفە و سحر بارگاوی و لۆرێژ بکەن.
دواجار هەموو ئەمانە دەبنە پاشکۆی شتێکی گرنگ کە داهێنانە.

دەقەکە سێ قاچی هەیە، قاچی یەکەمی لە ڕووگای ئاشکراکردنی بچمی ڕاستەقینەنەی حەقیقەتەوە بەردەوامی بە خۆی دەدا، واقیع بە ژیرییەوە ڕاڤە دەکاتەوە، ئەو قاچە دەکەوێتە نێو فەزایەکی یۆتۆپی و وەهمییەوە. قاچی دووەمی لە عەقڵدا ڕەگی خۆی داکوتاوە و پەردە لەسەر واتا ئاڕاووبەرەکان و کێد و مەرجە کۆنکرێتییەکان و مۆرالییەت و ئاکاری خەسڵەر و سکێچە تەماویيەکان و ئەو بیمارستانەی تێیدا نامرین، لادەدا. نەمردن جیایە لە ژیان، نەمردن جۆرێکە لە ژیانکردنی خاڵی لە جوانی. قاچی سێیەمی نادیارە و نازانرێ دەکەوێتە کوێ, بەڵام ئاماژەکان پێمان دەڵێن بوونی هەیە.
زۆربەی ڕەشنبیرانی کورد هەرکە گوێیان لێ ناوی (سادقی هیدایەت) دەبێت، وێنەی کەسێکی ڕەشبین لە ژیانیان دێتە بەرچاو کە خۆی و کارەکتەری سەرەکیی نێو یەکێک لە چیرۆکەکانی بە غاز دەخنکێنێ، بەڵام لەو چیرۆکەی (کاروان)دا حەقیقەت هێشتا گەشە و تا ئەو شوێنە بێ دەکا کە درۆکان دەست پێدەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی حەقیقەتدا، (کاروان) سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

ئەفسانە (fable):
جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و حەقیقەتدا ئەوەیە، ئەمیان حەقیقەت دەبینێ و ئەویان ئەفسانە. ئەفسانە جیاوازە لە درۆ, چڵنایەتیی حەقیقەت ڕووژەی ئەو جیاوازییە دیاری دەکات. یۆتۆپیا نزیکترە لە ئەفسانە وەک لە درۆ، بەڵام یەکسان نییە پێی. ئەفسانەکان هۆکار بوون بێ مانەوەی حەقیقەتەکان لەناویشیان حەقیقەتی جەنگەستان (خورانی بەهێز لەلایەن بەهێزەکانەوە). ڕاستەقینەکان ئەفسانەکانیان داهێناوە نەک بە پێچەوانەوە، مرۆڤ (human) وەکو ڕاستەقینەیەک لە ئەفسانەوە نەخوڵقاوە.
(کەمبێ) پێناسەی ئەفسانەی گڕێی لە گەڵان بەدوای مانا بێ ئازموونکردنی مانا. (کەمبێ) داوا دەکا ئەفسانەی گەلانی دنیا بخوێنینەوە نەک ئەفسانەی ئایینەکانی خۆمان، گوایە فەرمان دەکەن چۆن بێ ناخ بگەڕێینەوە. چیرۆکی (مەسیح) لە ئینجیلدا داوای قەبوڵکردنی مەرگمان لێ دەکا، مەرگی مەسیحی کوڕی خودا. (جۆزیف کەمبێ) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (بیل مویز)، مەرگی (مەسیح) بە سەرەتای گەیشتن بە ئازادی ناودەبا، بەڵام ئەو مەرگە سەرەتای سەفەری ئازادییە بە کەشتیی ژیان بێ وەاتی ونبوون.

دابەشکردنی ئایین (religion) بەسەر جومگەکانی (بیروڕا و ڕێچووڵە و ئەفسانە) یەکانگیر نییە لەگەڵ بۆچوونی من. ئەفسانەکان بچووکترین پنتیان لەناو هەر ئایینێکدا هەبێت خۆی زاڵ دەکا بەسەر بیرورا و ڕێچووڵە و کۆی هەیکەلیەتی ئایین، دواجار ئایین دەبێتە هاوواتای ئەفسانە. ئەگەر لە دیدێکی ئەدەبی ساددەوە ئەفسانە پێناسە بکەین، ئاوای لێ دێت:
1: ئەفسانەی نێو دەقەکان (چیرۆک، شیعر، ڕۆمان و هتد)، بە نموونە لە (دێن کیشۆت)ی (سێرڤانس)دا ئەفسانەیەک هاتووە: خودا لەسەرەخۆ وازی لە عەرشەکەی هێنا و بووە فەرمانەوای گەردوون، خێر و شەڕی جیا کردەوە، شتەکانی مانادار کرد. (دێن کیشۆت) لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە و جیهانێکی بینی کە نەیدەتوانی بیناسێتەوە. جیهان لە ونیی دەسەڵاتی باڵادا، سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. تاقە حەقیقەتی ڕەها تەقییەوە بۆ چەندین حەقیقەتی ڕۆژەیی و خەڵکی لە نێوان خۆیاندا دەستیان بە دابەشکردنی کرد.
لێرەوە جیهانی نوێ و لەگەڵیشیدا ڕۆمان پەیدا بوو کە وێنەی ئەو جیهانەیە. ڕەخنەگران وەکو ئەفسانەی دەرەوی دەق کە جۆری دووەمی ئەفسانەیە و دواتر قسەی لێوە دەکەین، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئەفسانەیە کردووە. هەندێکیان بە ڕەخنەیەکی عەقڵانی لە ئایدیالیزمێ شۆاوەکەی (دێن کیشۆت)ی دادەنێن، کەچی هەندێکی تر بە ستایشکردنی ئەو ئایدیالیزمە ناوی دەبەن. هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن، چونکە وەکو شتێکی ئاکاری مامەڵەیان لەگەڵ ئەفسانەکەدا کردووە نەک لە چوارچێوەی دەقدا.
بۆچوونەکانی (ئەدمۆند هۆسرل) گرنگیی خۆیان هەیە کە فەیلەسوفێکی ئەڵمانی سەدەی بیستەمە و دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆجیایە و دوای ئەوەی (هایدگەر) دەبێتە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ لەژێر ترسی نازییەکان ناوی (هۆسرل) لە لیستی مامۆستایانی زانکۆکە لا دەدا.
2: ئەفسانەی دەرەوەی دەق، ئەمیشیان دوو لقی لێ دەبێتەوە: (ئەو ئەفسانانەی لە دەرەوەی دەقن، بەڵام لە ڕۆگایەکەوە دەچنەوە سەری) و (ئەو ئەفسانانەی سەر بە سەدەیەکی تر و گەلێکی تر و دنیایەکی ترن)
لەناو دەقی (منارەی ئاوەدانی)دا ئەفسانە ڕووە و حەقیقەت مل دەنێ و هێندەی نەماوە بگاتە لای، لە دەرەوەشی ئەفسانە کۆنە کوردییەکان بەتایبەتی ئەوانەی مۆرکی شەڕ و ئاوارەبوونیان پێوەیە خۆیان لێی نزیک دەکەنەوە و گەرەکیانە دەستی تەوقەی

بۆ درێژ بکەن.

حاڵەتەکان:
لە فەزای چیرۆکەکەدا حاڵەتە هەستییەکان، حاڵەتە نەستییەکان، سەلماندنی ترسناک و جدییەتی ڕووساکان و شتی تریش لەسەر خوانی ئەدەبدا کۆ بوونەتەوە.
دژەکان بەیەکەوە لکاون و وەکو تەواوکەر و ئاسایی دەبینرێن. نووسەر خودی خۆی پیرۆز و ئەوی تری کافر نەکردووە، لە هەندێ شوێنی دەقەکە خود و بڕانبەرەکەیت بە جیا ناکرێتەوە. نووسەر لە دنیای چیرۆکەکەدا کە جیایە لە دنیای ڕاستەقیەنە، خودێکە باوەڕی بە بەیەکەوە ژیان و ڕای بڕامبەر هەیە.
(تۆماس هۆبز)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی کە ململانێ گرێ دەدا بە چاکسازیی خود و باوەڕی وایە ژیان بریتییە لە ململانێ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەسەڵات و ئەوە مردنە کۆتایی بەو ململانێیە دەهێنێ. قسەکردن لەبارەی بەیەکەوە ژیانەوە بۆ خۆی فەلسەفەیەکی فرە ڕەهەندە. (دۆن کیشۆت) توانای دروستکردنی پەیوەندیی نەبوو لەگەڵ خەڵکیدا، بۆیە تەنها لە خەیاڵی خۆیدا پاڵەوان بوو. (دۆن کیشۆت دالامچا) هەڵناکا لەگەڵ بۆچوونی جیاواز و ئەو دنیا قازانجخواز و بڕەحمە مۆدێرنەدا. (فۆکۆ) پێی وایە (دۆن کیشۆت) دابڕانێکی ئەپسەمۆلۆژیی تازەیە.
نموونە: ئەوە لەودیو دەرگای ژوورەکەم دانیشتون و خەریکی قاوە خواردنەوەن. یەکێک لە ئەوە بانگم دەکا: خەریکی چی؟ لە وەڵامدا دەڵێم: چایە دەخەمەوە. بەبۆ ئەوەی منتان لێ دیار بێت و پەرداخە چایەکەمتان بینیبێت، هەر یەکەتان وێنەیەکی لا دروست دەبێت. یەکێکتان چایەکە لە نێو ئیستیکانێک دەبینێت، دووەمتان لەنێو ژێرپیاڵە، سێیەمتان لە نێو قۆریی چا، ئیتر بەو جۆرانە. پەیوەندی هەیە لە نێوان چایەی بەردەمی من و ئەوەی نێو خەیاڵدانی ئەوە. لە بازنەی ئەو ڕووساگەلانە و دەقەکەی (کاروان)دا بە ڕەوای دەبینم ئەگەر لەسەر هەندێک حاڵەت ڕێکبکەوین کە پێشتر هەموومان نەمانبینیبێ تەنها یەک دووانێکمان بینیبێتیان.

زمان (language):
لە کتێبی (ویستی هێز- The will to power)دا کە ڕاڤە لەپاڵ میتافیزیکەدا (نیتشە) نووسیویەتی: تاقە شوێنی بیرکردنەوە فێمی زمانە، ئەگەر ڕازی نەبین، چیتر بیرناکەینەوە.

زمان ئەو کاتە ئەو □□□ە دەبینێ کە پەیوەندییەکی سازگار تەرخان بکرێت لە نێوان تێکست و □اڤەکاردا. (گادامێر) چەمکی پێکەوەبوونی بێ مانیفێستکردنی هەمبەرێتیی نێوان □اڤەکار و دەق بەکار هێنا. (ریکێر) ئەو زاراوەیەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەربڕی. زمانی چیرۆکەکە سەرکەوتوو بووە و بووەتە شوێنی بیرکردنەوە بەهێزی ئەو پەیوەستبوونە زۆرە بە □ووداوەکانەوە. لە کتێبی (حەقیقەت و میتۆد)ی (گادامێر)دا هاتووە کە باسەکەی (شلایر ماخێر) لەمەر هێرمەنێتیک و هونەری □اڤە ناسینی تێگەیشتنی باش (good) و خراپ (bad)، □اڤەکردنی دەق بەرەو باشتر تێگەیشتنمان دەبات. (کاروان) خولیایەکی زۆری هەیە و زمانی دەقەکەی نەکردووە بە سیمبولێکی خەیاڵاوی.
(فرێید) لە (راڤەی خولیاکان)دا جیاوازی کردووە لەنێوان زمانی خولیا و زمانی سیمبولێکی خەیاڵپەروەری، پێی وایە ئەوەی دووەمیان زمانێکی ناکارایە.
(لامارتین) لەوە ناڕەحەت بوو کە زمان لە توانایدا نییە گوزارشت لە هەڵچونەکانی بکا. دەقی ئەدەبی لە یەکە زمانییەکان پێکهاتووە. □استە شیکردنەوەی هونەری بەرهەمە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای تیۆر و میتۆدەکانی زمانناسی □□گایەکی ئاسانە، وەڵێ جوان نییە. فۆرمالیستەکان و پێکهاتەگەرایەکان شیکاری دەقە ئەدەبییەکانیان متمانەی تێدا نەبوو، مامەڵەیەکی □ەمزییان لەگەڵ هونەرەکانی دیکە دەکرد، ئەوەی لە بواڕەکانی (سینەما و وێنە و مۆسیقا و بیناسازی و کایە جیاوازەکانی تر) بەمان ماوەتەوە شتێکی □ەمزییە. من نەگەڵاومەتەوە بێ ئەو بیردۆز و میتۆدانە لەکاتی قسەکردن لێبارەی ئەو دەقەوە کێ پەنجەمان لەسەر شل کردووە.
پێلێنکردنی ئەدەبیات لە ئامانجەکانی نووسەرە. نها ئەگەر ئێمە ئەدەبیاتی کوردی پێلێن بکەین بەم جۆرەی لێ دێ:
1/ ئەو ئەدەبانەی مرۆڤێک لە خەیاندا هەڵدەگرن، لە کاتییشدا دەیخنکێنن, مرۆڤەکە تەکنیکە.
2/ ئەو ئەدەبانەی سیحرباز□ک لە خەیان هەڵدەگرن، سەرەنجام دەیسووتێنن, سیحربازەکە زمانە.
3/ ئەو ئەدەبانەی پێنگ□ک لەخۆ دەگرن، دواجار کەوێی دەکەن, پێنگ□ک ناوی □□شنبیرییە.
کەم دەقی ئەدەبی هەیە (زمان و تەکنیک و □□شنبیریی ئەدەبی) بەیەکەوە گرێ بدا. زاراوەی ئەدەب بە کردار پێناسە نەکراوە. ئەدیبەکانمان بە ئەدەب□ک دە□□ن داهێنان کە هێشتا باق

نەبوە (خ ی نەناسیوە). (کاروان) لەم دەقەدا کاری ب ئەو گر دانە کردووە.

- **کورتب ی:**

در ژدادری ئەنفلەوەنزای ئەدەبە. وشە یزکردن بە مەبەستی دروستکردنی ستە، ستە یزکردن بە مەبەستی دروستکردنی بابەت، لایەنی خراپی نووسین پ شان دەدەن. (خوان ف)ی نووسەری بەناوبانگی مەکسیکی، بە مانی (پیدر پارام) کە لە 150 لاپەرە زیاتر نەبوو، بوو بە یەک لە گەورەترین مانووسەکانی دنیا و دوای ئەو مانەش ب ئەبەد دەستی لە نووسین هەگرت.

مانەکە لە جەوهەردا (300) لاپەە بووە و لە(150) لاپەەدا چ کراوەتەوە. (ئ کتاقیە پاژ) کە نزیکترین هاوی (ف)یە وەها باسی دەکا: ب (ف) بدەنگی کوشندە بوو، هاوکانی داوای مانی تازەیان ل دەکرد، بەام ئەو وا هەستی دەکرد هەموو شتکی لە (پیدر پارام)دا گوتووە. (مالارم) نەیگوتووە ئەدەب ماندووکردنی پیتەکانە، بکو ئەو دەیگوت "ئەدەب پەرەپدانی پیتەکانە". ئەو کاتەشی (بلانش) دەی: گرنگ نییە چی دەنووسی؟ دووبارەکردنەوە گرنگە وەک ئەوەی یەکەمین جار بت نووسیبتت، پرەنسیپکی دیاریکراو هەیە تەواو جیاوازە لەو پرەنسیپی در ژدادەکان ئیشیان لەسەر کردووە. در ژدادی جیایە لە زرنووسین. باسی زرنووسینی (نیتشە) دەکر. نووسین ب ئەو گوزارشت نەبووە لە فەلسەفەیەکی ئەبستراکت، ئیشی لەسەر دامەزراندن نەکردووە، بەکو کاری ئەو سەرەول ژکردنەوەی ماناکان بوو، بیە وەکو داهنەری میتلجی چاوی ل دەکرا، تا ئەو کاتەی (هایدگەر) هات و وەکو دوا فەیلەسوفی ژئاوا خستییە نو خزانی میتافیزیکی.

نموونە لەسەر کورتبی نو چیرکەکە:

- دایکت وەک بی مار پوەی دابت…

-هیچ لەوە تنەدەگەیشتی ئەوانە چن و کەی و لەکو بە یەکتر گەیشتوون…

ئەگەرچی سوور دەزانی (ڤیان) ناتوانت قسەت لەگە بکات، چونکە ماوەکەی تەواو بووە…

بگومان ت لە دەرفەتکدا هەموو ئەمانەی ل دەپرسی…

یاخیبوون:

یاخیبوون لای (کامۆ) بۆ یاخیبوونی میتافیزیکی و یاخیبوونی مۆژوویی دابەش دەبێ. یەکەمیان سێ لقی لێ دەبێتەوە:
(هەتکردنەوەی هەها – مارکیز دیساد)
(هەتکردنەوەی نەجاتبوون – ئیڤان کارامازۆف)

- **(شیکاری هەها –نیتشە).**

(کامۆ) دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل لە ساڵی 1957دا لەلایەن ئەکادیمیای سویدی، نامەیەک بە سادەییەوە بۆ خۆزانی (نیکۆس کازانتزاکیس) دەنووسێت و تێیدا دەڵێ: (کازانتزاکیس) شایستەتر بوو لە من بۆ ئەو خەڵاتە. ساددەیی (کامۆ) ئاوێتەی ساددەیی (کازانتزاکیس) دەبێت و درژ دەبێتەوە تا دەگاتە (نیتشە)، لەوێدا (کازانتزاکیس) بە ئاشکرا و بە ساددەییەوە پێیەوە دیارە چۆن سوودی لە (نیتشە) وەرگرتووە. ئەو سوود وەرگرتنە ئاسایی، (ئەفلاتون) کە زۆرجار بە باوکی فەلسەفە دادەنرێ, لە سەرەتادا لەژێر کاریگەریی (هیراکلیتس / 544-483 پ ز) و (فیساگۆرس / 580 – 500 پ. ز) و (سۆکراتدا) بوو. لەناو هەندێ لە دۆرەکانی چیرۆکەکەدا هەستم بە ساددەیی نووسەرەکەی کرد، وێنەی نووسەر لەناو فەزای بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانی وێنەیەکی تەماویی، ئەوە فەزای گشتیی چیرۆکەکەیە وێنەی نووسەرمان پێشان دەدا کە وێنەیەکی یاخیی بەنام خۆشی جیا ناکاتەوە لە کەمەگا. لە چیرۆکەکەدا هاتووە:

– بۆنی عەترەکانی تەفرەیان دەدای.
– وات دەزانی کەنارییەک لەناو قوڕگیدایە.
– ئەگەرچی ئەوان وایان دەزانی تۆ لە داخی ئەو نازناوە وازت هێناوە…
– کەواتە ئەو چەند جارەی یەکتریتان دەبینی، ئەو مردبوو لە گۆڕستان گەورەبوو.
– هیچ لەوە تێنەدەگەیشتی ئەوانە چۆن و کەی و لە کوێ بە یەکتر گەیشتوون؟…

- **داهێنان و پاسڵاژی:**

لای دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆن فرۆید) دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری، داهێنان پەیوەست نییە بە حەدەسەوە و حاڵەتێکی پاسڵاژییە. (فرۆید) لە ڕۆگای بیردۆزی دەروونشیکارییەوە، شیکردنەوەی بۆ هونەری (داڤینشی) و (دیستۆڤسکی) و (شێکسپیر) دەکرد، پێی وابوو هونەر هیچ نییە جگە لە فاکتەرێک بۆ پێ کردنەوەی کەڵێنە سێکسییەکانی مرۆڤ و حاڵەتێکی سێکسیی پاسڵاژییە. دابونەریتی کۆنی کەمەایەتی

که مامەڵەیەکی لاواز لەگەڵ سێکساندندا دەکا، هەڵکارە لەپشت هونەرەوە. بە بۆچوونی من ئەو بۆچوونەی (فرۆید) بەرهەمی نەخوێندنەوەی داهاتووی ئەوروپا و پێگەی سێکس (sex) لە داهاتووی ڕۆژئاوایە، ئەو کاتەی سێکس زەربەی سنوورەکان دەبەزێنێ.
بۆی هەیە جوانترین هونەر هونەری ئەو هونەرمەندە بێت کە بۆشایی سێکسیی نییە ئەمە بە جڤاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی دروستە. داهێنانی چیرۆکەکەمان، بەرهەمی فیکرێکی نزیک لە منارە و دار و بەرد و چەک و سێکسێکی تەماوی و خوێنە، نەک نزیک لە مەمک و باسک و پشت و بنهەنگ و داوێنی ژنی ئەوروپی.
(فیلیپ ڕۆس) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (میلان کۆندێرا) ویستی بۆچوونی ئەو بزانێ بە سێکس وەکو ڕۆمانێووسێک. (کۆندێرا) وەها وەڵامی دایەوە: باسی سێکس چیتر قەدەغە نییە. ڕاوەستان بە وێناکردنی گشتی یان ددانپێدانانی سێکسەوە، سەرنجڕاکێش نییە، بەڵکو وەرسکەرە.
لەم دەقەدا کار بۆ جیاکاری و تێکشاندنی فۆرمە دووبارەکان و بەخشینی مانایەکی تازە بە دێرەکان کراوە. (بلێم) مکوێ بوو لەسەر ئەوەی شاعیر بەر لە هەر شت لە خۆی دەپرسێ: چۆن ئەدەبێکی جیاواز بنووسم؟ شیعرێک بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبێت. چۆن چۆنی جیاکاری دروست بکەم؟ لە باسی (فۆرمشکاندن)دا ئەم باسە زیاتر کەوتە سەر پای خۆی و پڕۆن کرا لە تیۆرییەک لەمەڕ (میتۆدی خوێندنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی دەق). (بلێم) نووسی: ئەدەب فۆرمان دەکا لەپێناوی داهێنان و واتای تازەدا، فۆرم تێکبشکێنین.
(دێریدا) بە پێچەوانەی (ئەفلاتون)ەوە پێی وابوو هەموو وشە و نیشانەیەک پەیوەستە بە جیاکاریەکی واتادار. لە چیرۆکەکەدا جیاوازیی فیکریی کارەکتەرەکان ڕۆگر نەبووە لە بەردەم کێکبوون لەسەر مەسەلەگەلێک کە تەنها لە ساتی خوێندنەوەی چیرۆکەکە هەستیان پێ دەکەین نەک لەکاتی قسەکردن لەبارەیەوە. جیاوازییەکان ڕۆگر نین لە بەردەم گەیشتن بە هاوبەشەکان، جیاوازیی بزوێنەری هاوبەشی و هاوبەشی فەزای بە زیندوو هێشتنەوەی جیاوازییە. قەشە (ئۆگەستین 354-430ز) کە بیرۆکەکانی هەنگدانەوەی ململانێی نێوان بیری مەسیحی و یۆنانی کۆن بوون، لە باسی کۆمەڵگادا کەمتر باسی جیاوازییەکان دەکا تا هاوبەشەکان، لای ئەو کۆمەڵگا بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک کە بیروباوەڕی هاوبەشی کۆیان دەکاتەوە.

فەلسەفە:
هەنگە یەکێک لە کارەکانی چیرۆک وروژاندنی پرسیاری قوو بێت. بە نموونە: "بناغەی دروستبوونی گەردون چییە؟"
ئەم پرسیارە گرفتکی بنەەتی بووە لە بەردەمی فەلسەفە و فەلسەفەکار و فەزای فەلسەفی لە ژئاوا و اقەی بێ کراوە. کشەیەکی بنەەتیی هەر س قناغەکەی فەلسەفەی یانی بوو کە هکاری استەقینەی بوونیان بێ هکاری ماددی دەگەاندەوە. مەبەستم لە:
قناغی فەلسەفەی بەر لە (سکرات).
قناغی (سکرات) تاوەکو (ئەرستۆ).
قناغی دوای (ئەفلاتون) (ئەو قناغە تاوەکو سەرەتای چەرخەکانی ناوەاست درژەی کشا). هەر بێ نموونە:
_ تالیس (560-548پ. ز) بناغەی دروستبوونی بوونی بێ ئاو دەگەاندەوە.
_ ئەنکسمندریس (610 – 545پ. ز) بێ هەوای گەاندتەوە.
_ هیراکلیس بێ ئاگر و پارمەندیس بێ هەبوونی دەگەنتەوە.
_ ئەنبادوکلیس دەیگەنتەوە بێ پنج توخمی (ئاگر، هەوا، ئاو، خ و کاریگەری). ئەو توخمانەش وەکو خودای ئەفسانەیی باسیان لوە کراوە.
فیکر لەم چیرکەدا بێ چەند بەشی جیاواز دابەش دەبتەوە. دابەشبوون بە مانای پەرتەوازەبوون و شەقبوون نایەت، بەکو گەانەوەی فیکرە بێ بەشەکانی. ئەو دابەشبوونەی خەیاڵی خونەر پەیوندییەکی استەوانە و دانەبراوی لەگە کبونەوەی فیکری نووسەر و یەکگرتنەوەی پارچەکانی خەیاڵی هیە، بێ ئەوەی بکشن بە یەکتردا و وەکو بروسکە بگرمنن و دەقکی ئەدەبی بەرهەم بهنن. بەرهەمەکە وەکو شتکی دەستەم لەسەر لاپەەکان خی ئاشکرا دەکا، خونەر پویستی بەوە نییە بگەتەوە بێ خەیاڵدانی (کاروان) و شرقەی فیکری و مەعریفی بێ بکا. خوندنەوەی چیرکەکە گاکەمان بێ کورت دەکاتەوە، وشەکان دەبنە ماسی و کی دەقەکەش دەبتە دەریا نەک کمەە ماسی، چونکە وشەکان لە خەیاڵدا نوقم بوونە و مامەەی ئمە بە تەنها لەگە وشەکاندا نییە، بەکو لەگە ئەو خەیاەشە کە لە پشتی وشەکاندا خی مەاس داوە و وشەکان لە ناویدا مەلە دەکەن.
لە یادمان نەچت خەیاڵی پشت وشەکان یەکسان نییە بە خەیاڵی نو خەیاڵدانی چیرکنووس. وشەکان گرینگ نین، ماناکان گرینگن. زربەی ئەو وشانەی لە چیرکەکەدا هاتوون لە ژیانی

ژانەماندا بە کاریان دەهێنین، بەڵام ئەوە ماناکانن جیاوازییەکان دروست دەکەن.
دەق بەردەوام فیکر بەرهەم دێنێ و کاڵی دەکاتەوە. دەکرێ دەقی ئەدەبی ببێتە مەبەندی بەرهەمهێنانی بیرکەی فەلسەفی و پێسەی بەرهەمهێنانی ئایدیا و جیهانبینییەکان. (فکێ) لە کتێبکی ئەدەبی سەدەی شازدەهەمەوە چەندین تێزی فەلسەفی هەڵهێنا، کە (دێنکیشۆت)ی (سێرڤانس) بوو. دەقی ئەدەبی بە تەنها گوزارشت نییە لە ئەدیببوونی نووسەر, زۆرجار هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی فیکری فەلسەفی، هەندجار بارودۆخەکە دەگۆڕێ. فیکری فەلسەفی و ژیانی فەیلەسوفەکان ئاراستەمان دەکەن بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی.
بەردبارانکردنی (ژان ژاک ڕووسۆ)، دادگاییکردنی (سۆکرات)، شێتبوونی (نیتشە)، دەکرێ ببنە بیرکەی نووسینی چەندین ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و بابەتی ئەدەبیی تر. خۆکوشتنی (گۆگۆل) و ژیانی (ئەکاکی ئەکاکیفیچی) نۆڤێ (پاڵتۆ)، زیندانیکردنی (مەرسۆ)ی نۆڤێ (نامۆ)ی (ئەلبێر کامۆ)، (راسکۆڵنیکۆف)ی (دیستۆڤسکی)، ئەمانە فیکر بەدوای خۆیاندا دەهێنن.
گرنگترین ئەو پرسیارە فیکرییانەی چیرکەکە دروستیان دەکا:
– مردووەکان لە کوێی زیندووەکاندان؟
– خۆکوشتن سەرەتای ئەبەدیەتە یان ئەبەدیەت سەرەتای خۆکوشتنە؟
– دایکانمان چی ئەمە بوونە لە سەرەتادا؟ (بەر لە بوونی ئەمە).
– منداڵی یانی چی؟

بەند باجەلان

سەرچاوەکان:

- بیری پێستمۆدێرنیزم ، ئازاد حەمە، هەولێر، 2002
- لێبووردەیی و فەلسەفە, ڕیبوار سیوەیلی، هیوا حاجی، نەوزاد جەمال، هەولێر ، 2009
- فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت, د : نبیل عبدولحەمید عبدالجبار، هەولێر، 2010
- سێران ئازاد، کاردانەوەی هزر (فکر) لە ڕۆمانی کوردیدا،

ده‌نگه‌کان، 2012
- منارەی ئاوەدانی، کاروان کاکەسوور، گۆڤاری ئایینده، ژمارە نەوەد و یەک.
- مدرنیته و مدرنیسم, مجموعه مقالاتی در سیاست، فرهنگ و نظریه های اجتماعی, ترجمه و تدوین: حسین علی ، تهران 1378
- أزدواجیه العقل, دراسه تحلیلیه نفسیه, کتابات حسن حنفی, جورج طرابیشی.

هۆ و گونجاندنی هۆزی خود لە ئەزموونی سەباح ەنجدەردا.. بۆند باجەلان

سەرەتا:
هەمیشە گەیشتن بە فەزای ئەو وشانەی لە ڕۆحەوە دەردەچن، پێویستی بە مەعریفە هەیە، خۆ ئەگەر قسە لەبارەی (فەزای شیعری) بکەین، ئەوا لەپاڵ ئەو مەعریفەیە، پێویستیمان بە دروستکردنی دنیایەك هەیە، بانگمان دەکا بۆ خۆشەویستی و بەرائەت و ترازان لە کینە و تارمایی.
ئەرکی ەخنەگر بریتی نییە لە دابەشکردنی دەق بەسەر دوو بەرەی دەقی (باش) و (خراپ)، بەڵکو گەیشتنە بەو فەزایەی، ڕۆح تیایدا سەنتەرە و ئاگادار کردنەوی خوێنەریشە لەو تەگەرە دەستکردانەی، زەرجار (جەهلی ئەدەبی)، کە بەرهەمی (کینەی ئایدۆلۆژی و فیکری و دەروونییە)، لە پشتیەوەیەتی.
بۆ گەیشتن بەو ڕۆحە شیعرییە، کار دەکەین بۆ کەشفکردنی چەند کۆدی شاراوەی نێو دنیای مەودا فراوانی شیعری (سەباح ەنجدەر)، چونکە هەست دەکەین توانیویەتی، خوێنەر بخاتە نێو بازنەی ئەو بیرکردنەوانەی، هەمیشە پێویستییان بە دووبارە بوونەوە هەیە.
شیعر دنیایەکە سەربەخۆ. سەربەخۆیی دنیای شیعر سنووردارە، شیعر سەربەخۆیەکی سنووردار، سەربەخۆیە. ئەوەی سنووری سەربەخۆیی شیعر دیاری دەکا, فیکرە. ئەوە فیکرە وا دەکا شیعر سەربەخۆ بێت, وەلێ

فیکر خۆشی دیارخەری سنووڕە، کەواتە: فیکر سەربەخۆییەکی سنووردار دەبەخشێ بەو دنیایەی ناوی شیعرە. سنووڕەکانی شیعر، کە فیکر دیاری کردوون, پێویستین. لەودیو ئەو سنووڕە سروشتییانەی شیعردا ژانرە ئەدەبییەکانی تر بوونیان هەیە. سنووردارکردنی سەربەخۆیی شیعر دواجار بەخشینی سەربەخۆییەکی تەواوە بە شیعر ئەو کاتەی قسە دێتە سەر (شیعری جوان).

بۆ نووسینی شیعرێکی جوان, بوونی ئەو سنووڕە جوانانە پێویستین, چونکە جوانییەکی فیکری دەبەخشن بە شیعر، ئەگەر ئەو سنووڕانە گوزارشتێکی ڕووت بن لە خودی فیکر, کەواتە: دەرکەوت شیعر پێویستی بە فیکرە، فیکریش پێویستی بە شیعرە, لە کاتێکدا فیکر و شیعر دەکەونە نێو یەك بازنەی خودییەوە, واتە: ئەگەر شیعر بازنەیەکی هەبێت, یەکێك لە ئەندامانی ئەو بازنەیە فیکرە, بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر فیکر بازنەیەکی سروشتی هەبێت, ئەوا شیعر کەلێنێك لەو بازنەیەدا پێ دەکاتەوە.

شیعرییەت چ بوونەوەی حاڵەتێکی واقیعی و زانستی نییە، قسەکردن لەبارەی خۆ گرێدانە بە گوریسی نەگەیشتنەوە. شیعرییەت لای هەندێ شاعیر، بە وێنە و ئایەتێکی فیکری و مەعریفی، خۆی نەخستەتە ڕوو، وەکو هاوکێشەیەکی تەومژاوی لە چەندین شوێن بەیان نەبووە، شیعرییەتێکە دەکرێ ببینرێ، بەڵام ناکرێ بکرێتە میکانیزمی بەگەڕخستنەوەی ڕەخنە.

لێدوان لە شیعرییەت لە سیاقێکی ڕەخنەیی وشکدا، ڕشتنی خوێنی شیعرە (poem) و نووسینەوەی نەهامەتییەکانە بە خوێنی ئەدەب، ئەمە تەنیا قسە لەبارەی جۆری شیعرییەت دەکەین. (ئێلان بارت) لە کتێبی (ئەفسانەناسیدا – fable logy) ڕەخنە لە ڕەخنەگرەکان دەگرێت لەسەر ئەوەی پێیان وایە دەقێک، کە ئەوان تێی نەگەن؛ خوێنەریش تێی ناگا. گرژی ڕەخنەگرە کۆنەکان گەیشتە ئاستێک، کە دەقەکانی (بارت) بە بێبەها و بێسەلیقە لە قەڵەم بدەن، دواجار (بارت) وەڵامی بەشێک لە ڕەخنەگرە کۆنەکانی دایەوە لە کتێبی (ڕەخنە و حەقیقەت)دا.

پێناسەکان بۆ ڕەخنە جیاوازن. (کریتیک) لای (شێکسپیر) بە واتای تێپەڕاندنی سنووڕە ئەخلاقییەکانە. ئەخلاق لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەیە لای (شێکسپیر) کە لە دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. (هاملێت) و (ماکبێس) گوزارشت لە فۆرمێک لە ئەخلاق دەکەن بە جیاوازییەکانی نێوانیانەوە. گرنگە ڕەخنەگرەکان گوێ بە بڕچوونی جیاواز بدەن و کار بۆ بەتەختەبوون و بەبەفربوونی عەقڵ نەکەن.

لای (کانت)ی فەیلەسووفی مۆدێرنە، ڕەخنە، واتە: فۆرمێک لە دادوەری، (هیگل)یش ڕەخنەی بەو واتایەی (کانت) قەبووڵ کردووە و لە (ئێدیسەی ئۆح)دا بەکاری هێناوە.

جوانترین دەق ئەو دەقەیە، زۆرترین هەخنە هەڵدەگرێ و زۆرترین بەیەکداکەوتن و جەنگی ناوخۆیی لە نێوان وشەکانیدا ڕووەدا. وەکو پۆیستییەک و ئەلتەرناتیڤێک بۆ ستایشکردن، هەخنەم گرتووە.
دووپات کردنەوەی ڕوانگە نەریتییەکانی دڵدانگی تونددەوانە و پابەندبوون بەو واقیعەی لە وەهم و ئەندێشە ڕووتەکانەوە نزیکە، تاریکستانی فیکر بەرهەمیەتی. هەخنەگرتن لە پاڵ ئەوەی کردەیەکی درۆزکراوە و درۆژخایەنی مەعریفییە، دروشم و سیمبولە و لە پەناگەی ئەدەبیی و فیکریدا، خۆمان (منی نووسەر) و دەقەکانمان (دەقی نووسراو)ی پێ دەناسینەوە.
کەسانێک ئەو میتۆدەیان بە دێ نییە، ئەم وتەیە دووبارە دەکەنەوە: (شیعر هەموو کەسێک پێی دەوترێ)، ئەم وتەیە زادەی نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی فیکری و شیعرییە و دابڕانە لە ڕۆشنبیریی ئێستای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. ئەگەر لەسەر کۆمەڵێک بنەمای شیعری (نەک پۆەری شیعری) ڕێککەوتین، کە شیعرەکانمانی لەسەر هەڵبسەنگێنین، ئەوا چیتر شیعر بەدەسەڵات نییە، تەنیا شاعیرەکان دەتوانن بینووسن، شاعیریش ئەو کەسەیە، کە شیعر دەنووسێ، شیعریش واتە شیعرییەت و شتی تر.
ئەوەی گرنگە بۆ لێکۆڵەر هەڵسەنگاندنی بابەت نییە بەو جۆرەی خۆی دەیبینێ، بەڵکو بینینی بابەتەکەیە بەو جۆرەی هەیە، ئەو کردارەش کامڵ نابێت تا بە چاوی وشەی نێو دەقەکانەوە سەیری دەقەکان خۆیان نەکەین.
ئەوەی دەبێتە سەنتەر، وشەگەلی نێو تێکستە، دواجار یەکگرتنی وشەکان ڕستەگەلی لێ دەکەوێتەوە: (هەبەت مامەڵەی لێکۆڵەر لەگەڵ وشە و ڕستە، دوو مامەڵەی جیاوازە). دەرەنجامی یەکگرتنی ڕستەکان، هاتنە کایەی تێکستە بە ژانرە جیاوازەکانیەوە. هەموو تێکستێك ڕووبەڕووی چەند ڕێگایەکی بێکۆتایی دەبێتەوە، لە دیارترینی ئەو ڕێگایانەش، لێکۆڵینەوەیە وەکو ڕێگایەك بۆ گەڕانەوە بۆ ناخ و دڵی دەق: (لێرەدا لێکۆڵینەوەمان بە ڕێگا چووانەد، ئەگینا خودی لێکۆڵینەوەش تێکستە).

پاژی یەکەم: خود چییە؟
قسەکردن لەبارەی چەند بابەتێك بەیەکەوە، پۆیستی بە جۆرێك لە پەلەنکەردن هەیە، یانی ناکرێ ئەمە قسە لەبارەی بابەتی ئەخلاق بکەین، ئەگەر قسەمان نەکردبێ لەبارەی خود، بەڵام بۆ قسەکردن لەبارەی خود، پۆیستیمان بۆ گەڕانەوە نییە بۆ ئەخلاق، چونکە خود دەروازەی ئەخلاقە نێك بە پێچەوانەوە.
بۆیە من وەکو نووسەری ئەم بابەتە، ڕێگا بە خۆم دەدەم ڕاستەوخۆ و

بەبێ گرانەوە بە ئەخلاق، قسە لەبارەی خودی مرۆڤ بکەم، بەڵام دواجار ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەو مرۆڤانەی باسیان دەکەین بکەونە دەرەوەی ئەخلاقەوە، بابەتێکە پێویستە بە پێویستی قسەکردن و ئاوڕی، کە من دەبێت چی بڵێم و دەبێت چی نەڵێم.
بە قسەکردن لەبارەی خود، ووبووی کەمەڵەك دەرگای جیاواز دەبینەوە، هەندە لە دەرگاکان کراوەن و هەندێکی تریان داخراون و هەندێکی تریان شکاون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری جیاواز و وێنا جیاوازەکانی خود و شێواز و میتۆدە جیاوازەکانی قسەکردن لەبارەی خود.
مەبەست لە خود، کەسی یەکەمی قسەکەرە، واتە: منی بینراو، کە دەمەوێ حەقیقەتی کەسیی خۆم و حەقیقەتی شتەکانی دەوروبەرم بخەمەڕوو، ئەو مەودایەی لە نێوان خود و دەوروبەر هەیە، بەستراوەتەوە بە زەمەنەوە، ئەوە زەمەنە مەودای نێوان خود و ئاوێتر دیاری دەکا.
خودێك هەیە لەناو خودی ئەمدا، ئەو خودە چون منداڵێکی ساوایە، وەڵە زەر جوان بیردەکاتەوە و توانای بیرکردنەوەی بەرزە، ئەو باسەش گفتوگۆ هەڵدەگرێ، کە ئایا ئەو منداڵە ساوایە خودە ڕاستەقینەکەیە یانی ئەو خودەی فیلەسووفان بە خودی حەقیقی ناوزەدی دەکەن, یان خودی هەڵگری ئەو منداڵە ساوایە خودە حەقیقییەکەیە؟ بە لێکدانەوەیەکی ئاسانتر: ئایا مرۆڤەکەی ناومان خودی حەقیقییە، یان خودی خۆمان؟
ئەوەی ناسنامەی کەسێك دیاری دەکا، وای لە دەکا بیناسینەوە، دواتر مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و پێنجەی لە ئاستدا شل بکەین، چۆنیەتی بینین و تێبینیکردنی خودە جۆهەرییەکەیە، ئەمەش دوو وەسفی گشتی و تایبەتی لەخۆ دەگرێ، هەڵگری هەردوو وەسفەکەیە وەکو دوو وەسفی جیاواز، ئەگەر ڕوونکردنەوەیێك بدەین لەو ئاستەدا، ئەوا دەکرێ بڵێین مەبەست لە وەسفی تایبەتی، خاسیەتەکانی کەسەکەیە، ناسنامەی خودیش عەقڵ و ژیری خودە، واتە: عەقڵ و ژیری ناسنامەی خود دیاری دەکەن و بڕپرسیارن لەو ناسنامەیە.
ئەمە هەریەکەمان هەست بە خودی تاك دەکەین، هەست بەوە دەکەین ئەوەی لە بڕانبەرمانە شتێکە، کە دەکەرە لە وشەیەکەدا چڕی بکەینەوە، ئەویش وشەی (تاك)ە، دەشکرێ بڵێین خودێك، کە جێگای گومان نییە. دنیایین لەوەی لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە، توانای هاموشۆ و خواردن و خەوتن و خوێندنەوە و دواتریش داهێنانی هەیە، خودێکی بیرکەرەوەیە، بەو مانایەی توانای بیرکردنەوەی هەیە، ئاگایە بە بوونی خۆی و لە بوونی خۆی دنیابوونەوە، هیچ چەندوچوون و گومانێکی نییە لە بوونی خۆی (تیۆرییەکی دیکارت لە فەلسەفەی مەدڕندا هەیە جێخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە).

کەواتە: ئەو کاتەی مرۆڤ شوێنی نەفسی دەکەوێت، نەفسی دەبێتە خودە ئاستەقینەکە و ئیتر ئەو کەسە بگۆڕێی بەیارەکانی نەفسی جووڵە دەکا، نەفسی داوای چی لێ بکا ئەوە دەکا، دەست لێ هەڵ ناپارێزە، خراپە دەکا و گوێش بەوە نادا، کە دەرئەنجامی هەڵەکانی بەرەو کوێی دەبەن, تا ئەو کاتەی, بەیار لەسەر خێی دەدا بەوێی تەسلیمی نەفسی دەبێت و ئیتر بگۆڕێی بەیارەکانی نەفسی دەجووڵێتەوە، دەبێتە کەیلەی نەفسی.

ئاگەر بەیار بێت خود کەی هەشیاری نەبێت وەک ئەوێی (جەن لەک) دەڵێ، ئەوا خود بەشەکە لە عەقڵ، خود ئەو بەشەی عەقڵ, هەڵگری ئابردووە، لای (جەن لەک) ئەمە گوزارشتە لەوێی کە ئەمە هەمان کەسین لە پێنای گەیانە ئادیکاییەکاندا. لای (کیرکگارد)، خود یەکسانە بە سەز و لای (نیتشە) خود (ئیرادە)یە. دەشکرێ خود بیرکردنەوێی عەقڵانی بێت.

لێرەدا پرسیار دەکەین: (ئایا ئەمە جگە لە ناسینی خەمان، توانای ناسینی ئەوانی تریشمان هەیە؟) ئاگەر قسەکردن لەبارەێی هەر یەکەک لە ئەمە قسەکردنەکی ئووت بێت لەبارەێی هەشیاریێمان و قسەکردن لەبارەێی هەشیاری قسەکردن بێت لەبارەێی ئەمە، لەو ئاستەدا چۆنچۆنی دەتوانین بگەین بە خودەکانی دیرەوێی خودی خەمان؟

(سارتەر) پێی وابوو خود بەردەوام لە داهاتوودا دانیشتووە، ئەمە دەمانەوێ خەمان بکەین بە شتەک. ئەو تیەریانەێی لە فەلسەفەدا پێیان وایە خود بوونی هەیە، لای سارتەر بەکەکن، چونکە سارتەر پێی وایە خودی ئەسان شتەکە بنیاتدەنرێ، شتەک نییە بدەزرێتەوە، سارتەر ئەو تیەریانە بە بەدئیمانی ناودەبا.

پاژی دووەم: خنکان لەنەو دنیای جوانیدا:

خنکان هەر بە تەنیا وەستگەێی گەیشتن نییە بە مردن، بەکو زەر جار گوزارشتە لە قووڵترین خاێی بیرکردنەوە، کە لەڵگایەوە دەگەین بە حەقیقەتێی زیاتر، کەواتە: جەرەک لە خنکان هەیە، لە دەرەنجامێی گەان بەدوای حەقیقەتەوە پێی دەگەین.

(ئاوەدانی ەگم
ەگ دەمگەیەنە بە لەهەبووم
لەهەبووم بەم دەوانە
لەوێی پەیوم بە گەلمێی خەم وەدەنەم
پرچێی پەرتێی مناڵیم هەشووێ سەبووری گرتووە
دەم و کەت و بەندێی کات و ناکات دەکەمەوە)

دیوان: بەرگێی یەکەم، ل: 9.

لەم کەپلە شیعرەدا، شاعیر مرۆڤ پەیوەست دەکا بە ەگەوە، ئەمەش

بەخشەری هۆزە بەو مرۆڤەی، ویستی گەیشتنی هەیە بە وزەی درۆژەدان بە ژیان. دیسانەوە گەڕانەوە بۆ منداڵی، پشت بەست بە ئاوەدانیی ئەو ڕەگەی شاعیر تێبینی دەکا، سڕبووری بۆ ئێستای شاعیر دەهێنن، دەرەنجام منداڵیی شاعیر پێ دەبەخت لە دەنکە تڕۆ و دڵۆپە فرمێسك کە تامی بزە دەدەن، سەرەنجامی ئەو سەفەرەش، کرانەوەی ئەو کێتە هەمیشەییانەیە، کەسێك لە زەمەنێکی شیندا دەیانخاتە گەردەنمانەوە.
زەمەن کاتێ شین دەبەخت، هەموو شتێکی نێو زەمەن هەر شینە، پرتەقاڵەکان شینن و پەنجەرەکانیش هەر شین، دەرگاکان شینن و فرمێسکەکانیش هەر شین، بەیە بۆ ڕزگار بوون لەو (شینستانە)، پێویستە بەردەوام ئێستامان گەڕانەوە بێت بۆ منداڵی، چونکە ئەو دنیا پەمەییەی لەنێو خەیاڵی زارۆکمان بوونی هەیە، مەگەر هەر لە باخچە سەوزەکانی ئەوێدا پێی بگەین، ئەگینا بیابانی شینی (گەورەبوون)، هەرگیز نابێتە مەملەکەتی خەیاڵە پەمەییەکان.
وەکو گوتمان، شاعیر تێبینی ئەو ڕەگە پتەوە دەکا، کە هۆزی ئەوە، هۆزی خۆشویستنی وشە و نیشتمان و خودا، هۆزی بەرگەگرتن بەرانبەر ئازار و سەراب و ناڕەحەتی، کە ئەمەش دیدگای (نیتشە)یە، کاتێ پێی وابوو، ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا و دژی بڕچوونی (شۆپنهاوەر) بوو، کە وجودی ئازاری وەکو پێویستییەك قەبووڵ نەبوو، بەکو ئەو پێی وابوو، کە بەزەیی تێ بەرانبەر بە من، تەنیا بۆ ئەوەیە، ترسی ئەو ئازارەی تووشی من بووە، لە خێت دوور بخەیتەوە.
پاژی سێیەم: گەڕانەوە بۆ سروشت و ترسان لە سروشت:
ئەو ساتەی، مرۆڤ لەنێو سروشتدا، سروشتێکی بەد نمایش دەکا، ئەوا بەرانبەر تووشی ئازارگەلێك دەکا، وەکو ئازارەکانی نێو سروشت دەردەکەون، کەچی لەنێو وێنا ڕاستەقینەکەی ئەو نمایشە، دەزانین، کە ئازارەکان هیچ نین جگە لە ئازاری مرۆڤە بەدەکان کە دەمانسووتێنن.
(سروشت هەموو شتێکت ترساندوومی
لرفەی ئاگرت
بێندایی چیات
گەفی ڕووبارت
دەشتایی ڕووتت
پەنجەم لە چاوەڕوانییەکی دوانەهاتوو یان گیان پێنەماو)
دیوان: بەرگی یەکەم، ل: 5.
ترسان لە سروشت، ترسانە لەو دیوە بینراوەی، کە مردن بەدوای خێدا دەهێنێ، بەڵام لە شیعرەکەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ ترسان لە مردن بوونی نییە، تەنیا ترسان لە ڕۆگاکانی گەیشتن بە مردن هەستی پێ دەکرێ، بۆیە شاعیر وەکو کارەکتەرێکی بوەر باسی ئازاری ئەو سروشتە

دەکا، بوونیەك کە لە ترسان لە ئاگر و چیا و هووبار و دەشتاییدا بە کۆتا دەگات، ترسانێك، کە چاوەڕوانییەکی دوانەهاتوو، یان گیان پێ نەماو بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
مرۆڤ لە ئەستانەی گەیشتن بە مردن، لەوەیە بیر لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو مردنە بکاتەوە، وەك چۆن باڵندەیەك دەفڕێ و دەشزانێ فڕینی ئەو لەوەیە مردنی ئەو بێت، لەوەیە لە میانەی ئەو فڕینەیدا، ببێت بە قوربانیی فیشەکێك، یان ساچمەیەك، یان دارلاستیکێك، بەڵام هێشتا ئەو ترسانە لە فڕین پاشگەزی ناکاتەوە و بەردەوامە لە فڕین بەرەو مەملەکەتی ئەو حەقیقەتەی، بکۆتایە.
(سارتەر) لە شانامەی (دۆرگای داخراو)دا، لەسەر زاری کارەکتەرێکەوە دەڵێت: (نۆخەر لە دۆزەخدا پێویستیمان بە گورزی ئاگرین نییە، دۆزەخ هەر ئەمانەی دەوروبەرمانن). ناڕەحەتیی نائاسایی (سارتەر)، بەشێکی پێویستبووە بە شێوەی (سارتەر) خۆیەوە، کە خاوەنی دوو چاوی کز بووە و ماماڵەی ئەوانی تر لەگەڵیدا لە منداڵییەوە نائاسایی بووە، دواجار (سارتەر) نیگای ئەوانی تر بە ڕق و کینەوە ڕوون دەکاتەوە، بەیە ژیان لەگەڵ ئەوانی تر لای ئەو فێلسووفە، دۆزەخێکە بە خۆی، چونکە هەست بەو ئازارە دەکا کە لە مرۆڤەکانەوە پێمان دەگەن.
پاژی چوارەم: لە ئەزموونی مردنەوە بۆ ئەزموونی گۆڕستان:
گۆڕستان ئەزموونێکی تازەیە بۆ مرۆڤ بە هەمیشەیی، چونکە بەردەوام مردووی تازە دێنە نێو گۆڕستان، بۆیە ئەو مەملەکەتە بەردەوام خۆی تازە دەکاتەوە، بەردەوام لەسەر حیسابی خوێن و ئێسقان و جەستەی ئێمە، بانگەشە بۆ ڕیفۆرم دەکا.
(گۆڕستان ماڵێکە ئازیزەکانی بانگ دەکاتە ناو خۆی بە مەدالیا ناسراویان دەکا
فڕی زمانی هەموومان دەبن
لە
کتێب و
چرا و
سرووش و
شێش و
ئەسپ دەدوێن
دارشەخسەکانی لێیان دەبێدرێ بۆ
لانك و
بلوێر و
گۆپاڵ و
پەرژین

چۆن و بە چ تامەزرۆییەك دەمخەیتە سەر دووبارەی بەهۆزی فڕین
ئای فڕین بەرەو کوێم دەبات)
دیوان: بەرگی یەکەم، ل: 19.
شاعیر باسی ونبوونی ئازیزەکان دەکا لەنێو گۆڕستاندا، باسی ئەو لێدوانە دەکا، کە لێدوانە لە کتێب و چرا و شۆڕش و ئەسپ، دواتر (فڕینی نادیار) کە فڕینە بەرەو دنیایەکی نادیار، خەیاڵی شاعیر داگیر دەکا، فڕینێك لەپاڵ ئازار و ناڕەحەتییەکانی، لەخۆگری تامەزرۆییەکانی گۆڕستانە و وێناگەلی وەکو لانك و بلوێر و گۆپاڵ و پەرژین بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
گۆڕستان پێمان دەڵێ: شکستی مەزن ئێو شکستێ, مرۆڤ هەست بکا لەسەر ڕێگایەکی ڕاستێ و هەر ئێو ڕێگایەش سپاردەی دەزەخی بکا، شێ لە پێناوی ئایدیایەك بکا، هەر ئێو ئایدیایەش بیبا بەرەو کێناراوەکانی مردن، شانازی بە مەعریفەیەکەوە بکا، هەر ئێو مەعریفەیە وجود و بیرکردنەوە و عەقڵی لە بسڕێ، کەواتێ: لێو ساتەدا ئێو مەعریفەیە هیچ نییە جگە لە جەهڵکی خەست، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بە گومڕابوونی زیاتر.
مادام ژیان هەر کۆتایی دێت و لە چرکەساتێکدا دەبینەوە بە سفر، کەواتێ: ئێوەی دەمێنتەوە، ڕابردووی ئەمڕۆ، هەر ئێو ڕابردووە بەرپرسیارێ لە داهاتووی ئەمڕ و خۆشی و ناخۆشی ئەمڕی پێوە لکاوە، بۆئەندازەی جوان کەشانی تابڵۆی ڕابردوومان، باخچەی ئایندەمان فراوانتر دەبێت, ئێو حەقیقەتێ شتێکێ پێویستی بە سڵماندن نییە، چونکە زمانی حاڵی هەموو مردووەکان ئێومان پێ دەڵێن، کە ژیانی دنیا کۆتایی بە هەیە، بەڵام وەستگەی جوانکردن و نەخشاندنی ژیانی حەقیقییە، هەر ئێو چرکەساتەی سپاردەی خاکمان دەکەن، تێ دەگەین ئازاردانی ئەوانی تر، چ کارەساتێکی مەزن بوو، وەڵێ تازە درەنگە بە هەموو شتێك.
کۆتایی:
شاعیر بەردەوام لەم بەرهەمەیدا کە (زەوان)ە، پێمان دەڵێ: پێویستە بە قووڵی لە دنیا بڕوانین و مامەڵەیەکی قووڵ لەگەڵ ڕووداوەکان بکەین، وەڵێ ئەو مامەڵەیە، هیچ لە حەقیقەتی پووچەتی دنیا کەم ناکاتەوە.

سەرچاوە:
1- دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، 2018، هەولێر.
2- ژیان بڕمانایە؟، بڕند باجەلان، 2023، هەولێر.
3- سەفەر بەرەو منارەی بە کەشتیی گەورەبوون، بڕند باجەلان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، .2022

4- زەینەب خان لەنێو دنیای چەمکە جیاوازەکاندا، بەند باجەلان، هەولێر.

وێنا جیاوازەکان لە فەزای (سێاو لە بیکێت)ی (داستان بەرزان)دا.. بەند باجەلان

سەرەتا:

(سێاو لە بیکێت)، ناونیشانی دەقێکی (داستان بەرزان)ە کە تیایدا شاعیر بەرەو کێمەڵك وێنای جیاوازی شیعری ئاراستەمان دەکا، کێمەڵك وێنا کە سەر بە فەزای جیاوازن لەنێو فەزای دەقەکەدا جێگایان دەبێتەوە.
لە شیعرەکەدا گەڕانەوە بۆ ئەو هەستانەی لە ژیانەوە جێدەمێنن، بە خەیاڵی گەیشتن بە مردنێك کە لەوەیە نزیك بێت، دەبینین. وێناکان بەردەوام دەبن تا سنووری گەیشتن بەو وێنایەی، گەیشتن پێی بەستراوەتەوە بە سنووری ترازاوەکانی نیشتمانەوە. چونکە کێی دەقەکە کارکردنە لەنێو ئازار و سەفەرە لە ئازارێکەوە بەرەو ئازارێکی تر، ئەوا لە سێبەری بەشێك لە دیدگاکانی (فریدریك نیتشە)دا(1)، قسە لەسەر شیعرەکە دەکەین.

پاژی یەکەم: ئەماسەکانی نێو جیهانێکی تاریك

گوزارشتکردن لە دنیایەکی تاریك کە ناخمان پێ دەکا لە تاریکی و نیگا و هەستیشمان بە هەمان شێوە، وەکو (دنیای هەبوو)ی نێو شیعرەکە قسەی لەسەر کراوە، بۆیە شاعیر بەردەوام دەیەوێ لەم دنیایە ڕابکا، ڕاکردنێك کە دەرەنجامی هەمان ئەو ململانێیەیە لە ئاستی ژیاندا دەیکات.
((ئەماسەکان لە ناومدا
دەجوڵێنەوە و
گەشە دەکەن
ڕۆگریان لێدەکەم نەدرەوشێنەوە

پەرش نەبن
نەشکێن
نەتوێنەوە
لە جیهانێکدا کە تاریکە.))
ئەو بەهایەی لە ناخی شاعیردا هەستی پێکرا، هەمان ئەو ئەماسەیە کە پێویستی بە جۆرێك لە پارێزگاریی خودی هەیە، واتە ئەوە شاعیرە دەبێت لە ئاستی ئەو هەموو تاریکییە مەزنە، پارێزگاری لەو ئەماسە تاقانەیە بکا کە وزەی بەردەوامیی خودە و بە نەمانی، (خودکی تەنیا و بێهێز) دەبێتە چەق. بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لەو مەترسییە گەورەیەی تاریکی و هاتنی تاریکیی مەزن، دەبێتە پارێزەر و پاسەوانی ئەماسەکەی ناخی.
ئەم ململانێیە لەگەڵ ژیان و تاریکی، فەزایەکی بەرفراوانی فەلسەفەی (نیتشە) دەگرێتەوە. (نیتشە) شەرابی نەدەخواردەوە و گەورەیی دەبەستەوە بە ئازارەوە، یانی ئەوانەی لە ڕۆگای شەراب و ڕاکردنەوە خۆیان دەخەنە نێو دۆخی نائاگایی، چیتر گەورە نین، بۆیە بەرکەوتن بە ئازار وەکو پێویستی دەبینرێ کە ئەمەش پێچەوانەی دیدگای (شۆپنهاوەر)ە(2)، بەڵام پەیوەندی (نیتشە) لەگەڵ ڕاستی، وەکو پەیوەندی (مارتن لوتەر)(3) نەبوو لەگەڵ (ئیمانی ئایدیاڵژی)، سنووردار نەبوو، ئاستە جیاوازەکانی دەگرتەوە، هەر ئەم دیدگایەیە وا دەکا لای (نیتشە) بەزەیی بکەوێتە نێو قاڵبی خراپەوە، کاتێ بەزەییت بە من دێتەوە، لەبەر ئەوە نییە خۆشتدەوێم، بەکو لەوە دەترسی ئەوەی بەسەر من هاتووە بەسەر تۆش بێت، لە ڕۆگای نیشاندانی بەزەییەوە، ئەو ترسە لە خۆت دوورەدەخەیەوە.
شاعیر لە شیعرەکەدا بەردەوام فکری ئەوەمان دەکا، سەر بە ئازارێکی دیاریکراو نەبین، دۆخە جیاوازەکانی ئازار تاقی بکەینەوە و خۆمان ئالوودەی یەك جۆری ئازار نەکەین کە ئەمەش بەشکە لەو دنیایەی لەنێو شیعرەکەدا مانیفێست دەبێت و دنیای ئەو ئازارە هەمیشەییانەیە، ناخمان داگیر دەکەن و ڕۆحمان ئاوێزانی گوناهەکانی ئینسان دەکەن. پارێزگاریکردنی خود لە ناخ و ئەماسەکەی کە فاکتەری مانەوەیەتی، دیسانەوە دەمانبەنەوە بۆ ئەو شەقامانەی، پێن لە ئازار، لە ئازارە گەورەکانی نیشتمانەوە تا ئازارە سەرابییەکانی شیعر، لە ئازارە هەمیشەییەکانی سووتانی باخچەوە، تا ئازارە سووڕەکانی مردنی گوێ، ئەو وەکو چۆلەکەیەك کە سووتان ناسنامەی وجدی بێت، دەیەوێت فکری وانە جیاوازەکانی ژیانمان بکا.
((گرانە لە ماڵەکەمدا کەسێك هەبێت بیری بکەم
کەسێك هەبێت لە دەمدا
کەسێك لە ماڵەکەیدا بیرم بکات)).

((من تاكه مرۆڤم
پێكەوه دەست و دووژمن
دەبێت لە دەستیان ڕابكەم
من ئەو نەفرەتەم ئەی دڵ
ئەو نەفرەتە!))
تەنیایی شاعیر بە ئاشكرا هەستی پێدەكرێ. شاعیری تەنیا، تەنیایی خۆی دەبەستێتەوە بە بیركردنەوەوە، واتە مادام كەسێك نییە شاعیر بیری بكا یان ئەو بیری شاعیر بكا، كەواتە شاعیر تەنیایە، تەنیایەك كە نابەختەوەری بە شوێن خۆیدا دەهێنێ، چونكە هەمیشە ئەوانەی یادمان دەكەن و بیرمان لێ دەكەنەوە، دەبنە هۆكاری بەختەوەریمان. وەكو (ئەرستۆ) دەڵێ: بەختەوەری ئامانجی یەكەمی كرداركانمانە، وەلێ لەو سیاقەدا بەختەوەری بەستراوەتەوە بە بیركردنەوەوە، مادام كەسێك نییە بیری بكەین و كەسێك نییە بیرمان بكا، كەواتە ئەو خودەی لە دەرەوەی منداڵ بوونی هەیە، من نییە بەڵكو سێبەرێكە دەیەوێ ژیانی من ببینێ لەسەر شانی ژیاندا، ئەگینا ئەوە خود نییە كە بەختەوەرە.
(نیتشە) كاتێ تووشی نەخۆشییەك دەبێت، بێ خۆشكەكەی دەنووسێت: هیچ قەشەیەك نەیەتە سەر گۆڕەكەم، دواتر كە لەو نەخۆشییە چاك دەبێتەوە، وێستگەیەكی تری تەنیایی (نیتشە) دێت، ئەو كاتەی خۆشەویستترین هاوڕێی كە (واگنەر)ە تەنیای دەكا و لە (بەیروت) كۆنسێرتگەلێك ساز دەكا، گوزارشتن لە پیرۆزییەكانی مەسیحییەت، چونكە (نیتشە) ئەگەرچی ئەخلاقیاتی مەسیحی قەبووڵ بوو، بەڵام تەواو دژی سیفەتە خوداییەكانی ئەو بوو، پێیوابوو (پۆڵس) بنیاتنەری مەسیحییەتە، هەر ئەمەش وای دەكرد كە بڵێ: شەراب و مەسیحییەت یەك سەرچاوە كۆیان دەكاتەوە ئەویشیان بەهۆشكردنی خەڵكە، بۆیە كاتێك (واگنەر) جارێكی تر باوەش بە مەسیحییەت دەكاتەوە، (نیتشە) ڕادەستی تەنیایی دەكا.
تەنیایی هەمیشە نمایشی ئازار دەكا، وەلێ زۆرجار مرۆی تەنیا چێژ لەو ئازارانەی تەنیایی دەبینێ و خۆی جوانتر دەناسێ و كەمەگا و ئەوی تر باشتر دەناسێ، ئەو ناسینە درۆژ دەبێتەوە تا ئەستانەی ناسینی خودا و لەگای تەنیاییەوە، خودایەكی تەنیا دەناسێ. شاعیر لەم دەقەدا، دوو باڵمان پێدەدا كە بەردەوام سێراغی كەسە تەنیاكانی پێ بكەین، بەجۆرێك ئەوەندە خەیاڵمان دەبا بێ لای ئەوی تری تەنیا، زۆرجار تەنیاییە جەوهەرییەكە كە تەنیایی شاعیرە، دەبێتە دووڕیانی گەیشت و نەگەیشتن، گەیشتن بەو خۆشییانەی ژیان دەیانچێنێ لە باغی نەستدا، نەگەیشتن بەو نۆرگزەی مردن دەیچێنێ لە ماڵی حەقیقەت و ئەبەدیەتدا، بۆیە لە دەقەكەدا لەپاڵ نمایشی دیوە

سەرابییەکەی ژیان، پێناسەیەکی دیکە بۆ مردنیش دێت، یانی کاتێ مردن دێت، تەنیایی دێت، کاتێکیش تەنیایی دێت، ئەو دیوە سەرابییەی ژیان کە باسمان کرد، چیتر ناتوانێ نمایش بکا.

((شتێك فریای مرۆڤ بکەوێت
تەنەکەیەك ڕۆنی بەتاڵ
تاتەشەرێك / سندوقێك لم/ ئیسپانەیەك/ بەلەعەیەك
مۆبایلێك / کەرەقانەیەك/ پارەیەکی دراو
فریای مرۆڤ بکەوێت
فریای خۆی بکەوێت مرۆڤ
شتێك فریای مرۆڤ بکەوێت))

هەڵبەستەکەی زمانەوانی لەم پارچە شیعرەدا بوونی هەیە، دەبوو شاعیر بڵێت: تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆن، چونکە ئەوەی بەتاڵە تەنەکەکەیە نەك ڕۆنەکە. بە هەر حاڵ دەقەکە بەدوای فریادڕەسێك دەگەڕێ، دەستی ئینسان بگرێ و بە بەهاکانی مرۆڤبوونی شادبکاتەوە، باوەش بە مرۆڤدا بکات و بیکاتەوە بە مرۆڤ، جا ئەو فریادڕەسە تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆن بێت یاخود مۆبایلێك یاخود کەرەقانەیەك یان هەر شتێك کە دەتوانێ فریای مرۆڤ بکەوێ. دواییش دەکە شاعیر وەکو فریادڕەسی مرۆڤ دەیبینێ، مرۆڤە، واتە مرۆڤ کۆتا شتە ئومێدی ئەوەمان پێی بڵێت بتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکا. ئەم ڕیزبەندییە پەیژەییەی لە شیعرەکەدا هاتووە، دیوێکی ئیستێتیکی دەقەکەمان بۆ بەیان دەکا کە گوزارشتی وشەکانە لە مۆژووێك کە مۆژووی مرۆڤە و ئێستا و داهاتووێك کە هی مرۆڤە.

ئەوەی شیعرەکە دەیڵێ ئەوەیە کە: زۆرینەی مرۆڤەکان جێگای ئومێد نین، بەکو پێویستە شەقام و کۆڵان و خانووەکان تەی بکەین بۆ ئەوەی مرۆڤێك بدۆزینەوە کە کەکی هەبێت بۆ مرۆڤکی تر. (نیتشە) بەردەوام کۆشەی هەبوو لەگەڵ زۆرینە، بگرە کۆشەی گەورەی (نیتشە) کۆشەبوو لەگەڵ دیموکراسیەت، بە درێی دەبینی و پێیوابوو دەوڵەتێك کە بڕەهەزەکان پێکیان هێناوە، بەهەزەکانیان کێت و زنجیر کردووە، بەڕام کەسی بەهەز شەهوەتی لەناو نابات بەکو ڕۆکی دەخات، ئەم گرفتەش لە (وەهای گوت زەردەشت)دا زیاتر دەردەکەوێ. کتێبەکە لە چوار بەش پێك دێت و بە دەربڕینکی شاعیرانە نووسراوە، تیایدا کار کراوە بۆ تێکشکاندنی خاچ. بە کورتی: (زەردەشت) دوای دە ساڵ لە گۆشەگیری لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە و باوەڕی بەو خودایە نەماوە مەسیحییەت باسی دەکا، لێرەوە دنیای مرۆڤی باڵامان پێ دەناسێنێ.

ئەو تەنیاییەی شاعیر تووشی بووە، پێویستی بە کەسی دووەمی قسەکەرە کە ببێت بە سێبەرێك و شوێنی شاعیر بکەوێ، بەڕام شاعیر نایەوێت سێبەرەکەی هی خۆی بێت یان هی هیچ مرۆڤکی تر، لەبەر خراپەی زۆری

مرۆڤ، دەیەوێ سەبەرەکەی هی مرۆڤایەتی یاخود بەڵگەیەك یاخود ئیسپانەیەك بێت. ئەوکاتەی نامۆبوونی مرۆڤ دەبێتە شتێکی ئاسایی، خود دێت لەنێو ئەو بازنەی نامۆییەدا، بە قەڵەمی وجود، وێنەی مردن و بە قەڵەمی مردن وێنەی ژیان دەکێشێ، تازە کە لە دیدگای ئەودا درەنگە بۆ ئەوەی فریادڕەسێکی زەمینی بێت، ئەوا ئیتر دنیای زەمین چیتر دنیای هاتنی فریادڕەسەکان نییە، بۆیە بەشێون کەسێکی تر و دنیایەکی تر دەگەڕێت جگە لە زەوی و مرۆڤ کە لە تەنیایی دووری بخەنەوە، تەنیاییەك کە نەبێتە وێستگەی دابەزین لە نیشتمانی تەنیاییەکی باڵادا، بۆیە چون گەیدەیەك نمایشی خۆی دەکا!

پاژی دووەم: ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ و هاتنی خیانەت!

شاعیر درێژە بە ناساندنێکی دیکەی مرۆڤ دەدا. ئەوەی مرۆڤ بە مرۆڤ دەناسێنێ، خودی مرۆڤە، بۆیە هەر ئەو خودە زۆرجار خیانەت لە بەهاکانی مرۆڤبوون دەکا و ناسنامە و پێناسەیەك بە مرۆڤ دەبەخشێ، کە هی مرۆڤ نییە، ئەگینا مرۆڤ بۆ دەبێت خیانەتکار بێت؟!

((جیهانی من جیهانی دیکەی زۆری تیایە
ماندوونابێت لە دروستکردنی بۆشایی
بەرلەوەی گەردوون بخنکێت
بەرلەوەی گەردوون بتوێتەوە.))

دۆزینەوەی دەرچەیەك کە شاعیر پەیوەست دەکا بە ئومێدەکەوە، لە دەرەنجامی ئەو گەشت و گەڕانە خۆرایەوەیە بە ناخی خۆیدا دەیکا، دۆزینەوەی جیهانێك لەنێو زیهن و ڕۆحی شاعیردا کە دابڕان لەو دنیایەی مرۆڤەکان ئاوێزانی بوون، باسیان کراوە، بۆیە دەیەوێت وەکو واقیع مامەڵە لەگەڵ دنیا تازە دۆزراوەکەی نێو ناخی بکا و وەکو خەیاڵ مامەڵە لەگەڵ دنیا هەبووەکەی دەرەوەی خۆی بکا، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا دنیای دەرەوە دنیای واقیعە و دنیای ناوەوە دنیای خەیاڵ، وەڵێ هەمیشە حەقیقەت لە قوڵاییدا بوونی هەیە نەك لە ڕووکەش و بۆشاییدا. ئەو بۆشاییە گەورەیەی خود دەرکی پێ دەکا، ئێستا گەردوونێکی تر دێت و پێی دەکاتەوە، گەردوونێك لە ناخی ئەو خودەوە لە دایك دەبێت و تا سنووری ئاسمان ئیدامە بە وجودی خۆی دەکا، بۆیە هێندە دنیایە لەو گەردوونەی ناخی، وەکو دنیای قەبووکراوی خۆی پێمانی دەناسێنێ نەك جیهانێك کە نەتوانرێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

بۆ دۆزینەوەی ئەو جیهانە، شاعیر دەیویست کەسێك ببێت بە هاوڕێی، ئێستا کە نائومێدە لە هاتنی ئەو کەسە، ناچار هانا بۆ خۆی دەبات و لەنێو قوڵاییەکانی خۆیدا بە تەنیا ئەو جیهانە دەدۆزێتەوە، کاتێك

دەزانێ ئەو کەسەی قەراربوو هاوڕێی ئەو گەشتەی بێت و لەو شوێنەیدا لەگەڵی بێت، ئیتر نایەت. (نیتشە) بەردەوام (واگنەر)ی هاوڕێی کردبوو بەو کەسەی، لە بابەتی گەڕانی بەدوای حەقیقەتدا هاوڕێیەتی بێت، ئەگەرچی سەرەتا هەردووکیان لەژێر کاریگەری فەلسەفەی (شۆپنهاوەر) بوون، بەڵام کاتێك بارودۆخی (واگنەر)ی لە (بەیروت) بینی، زانی کە چیتر هاوڕێکەی ناتوانێ لەو شوێنە ئەخلاقییەی باسی دەکرد، هاوەڕێیەتی بێت، بۆیە لە کاتی سەرەمەرگی (واگنەر)دا، (نیتشە) کتێبی (وەهای گوت زەردەشت)ی بۆ نووسی، بەڵام (واگنەر) فریا نەکەوت بیخوێنێتەوە، لە کاتی شتبوونیدا هۆشتا (نیتشە) بە هاوڕێکەی دەگوت: ڕۆژانێك من ئەو پیاوەم خۆشدەوێست. هاوڕێکەی چیتر نەبوو بە هاوڕێیەتی شوێنی.
ئێمە لێرە نامانەوێ دیدگای یەکێك لەم دووانە بسەپێنین بەسەر ئەوەی تردا، لەوەیە دیدگای ئێمە وەکو دیدگای سێیەم دەرکەوێ کە دەکەوێتە دەرەوەی هەردوو دیدگاکە، زیاتر مەبەستمانە جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییە بکەینەوە، کەسێك دەبەستێتەوە بە دۆستەوە. ئەوکاتەی مرۆڤ لە هاوڕێکەی جیادەبێتەوە، ئەوا ڕووبەڕووی دووڕیانێکی دەکاتەوە، ئەگەر دنیایەکی پڕ ببەخشێ جوانتر لەو دنیای پێشووتر بەیەکەوە کۆشاویانە، ئەوا کارێك دەکا دەکەوێتە نێو بازەی چاکەوە، خۆ ئەگەر کارێك بکا کە جۆهێشتنی ئەو بە واتای خۆشاردنەوە و نەمانی بێت لای ئەو، ئەوا ئەو خۆشاردنەوەیە دەکەوێتە نێو بازنەی خراپەوە، بۆیە ئەو (دۆستە بکوژ)ە کە لە ڕووکەشدا وەکو فریادڕەس هات، ئێستا ڕووی جەلاد دەبینێ.
((من تاکە مرۆڤم
پڕکەوە دۆست و دووژمن
دەبێت لە دەستیان ڕابکەم
من ئەو نەفرەتەم ئەی دۆ
ئەو نەفرەتە!))
لە پاژی یەکەمدا، لەبارەی ئەم پارچە شیعرەوە قسەمان کرد، دەتوانین لەم پاژەشدا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باسی بکەین. خیانەتی دۆست، ترسناکترین جۆری خیانەتە، خیانەتێك هێندە بە ئازارە، فریای ئەوە ناکەوین پارچە شکاوەکانی دڵمان کۆبکەینەوە، فریای ئەوە ناکەوین بە دۆست بڵێین: ئەی دوژمن بۆچی ئاوات کرد؟! فریای ئەوە ناکەوین دنیا بە بۆیەی سپی ڕەنگ بکەین و سڕاو لە ئاشتی بکەین، چونکە هەمیشە خیانەتی دۆست لە پێشەوەی هەموو ئەو خیانەتانەیە، دنیا پڕ دەکەن لە سەراب و زڕابەکانمان وەکو شەمەندەفەری جوانی و شەمشەمەکوێرە وەکو چۆلەکەی ئارامی پڕ دەناسڕنن، بۆیە بە ئازارترین جۆری خیانەت، خیانەتی دۆستە بەرامبەر دۆست، خیانەتی

جوانییه بەرامبەری دێ!
(نیتشه) هەستی بە کاریگەری ئەو خۆبەکەمزانینە کردبوو کە هەندێ جار وا لە کێلە دەکا، بەرامبەری گەورەکەی بوەستێتەوە و ببێتە ڕزگارکەری دنیا. مرۆڤی باڵا کە لەوپەڕی چاکە و خراپەیە(خیانەتیش وەکو دژخێك لە خراپە)، گاڵتە بە هەموو تراژیدیایەك دەکا، هەوڵ دەدا منالەکەشی باڵا بێت، مرۆڤی باڵا ئامانجە نەك جۆری مرۆڤ، بۆیە ئەوانەی وەکو توخمێك یاخود جۆرێکی مرۆڤ لەبارەی مرۆڤی باڵاوە دەدوێن، نەیانتوانیوە لە جەوهەری ئەو مرۆڤ بگەن، بەکو سەرابێك لە تێنەگەیشتن بەیان دەکەن، چونکە وەکو گوتمان: مرۆڤی باڵا ئامانجە نەك جۆری مرۆڤ، هەرکاتێك مرۆڤی باڵا وەکو جۆری مرۆڤ بینرا، ئەوا لە حەقیقەتی ئەو ئامانجە کە مرۆڤی باڵایە، دوورەکەوینەوە.
دوورکەوتنەوە لە دەست لەبەر بوونی بەرژەوەندییەك کە لەنێو هەناسەی دەستێکی تردا دەستەکەوێ، خستنەڕووی تەرزێکی دیکەی خیانەتە، ئەوە خیانەتە وا لە کەسێك دەکا واز لە هەندێك لە دەستانی بهێنێ لەبەر ئەوەی کاری ئەو لە ئێستادا سپاردەی کەسانێك کراوە کە لە جنسی جوانی نین، چونکە ناکرێ کەسێك جوان بێت و ببێتە بەشێك لە خیانەتی کەسێك بەرامبەر کەسێکی تر. ئەو دنیا پڕ لە خیانەتە کە شاعیر باسی دەکا، درژدەبێتەوە تا سنووری گەیشتن بە خیانەتێکی گەورەتر کە خیانەتی خودە بەرامبەر خود خۆی، واتە ئەوکاتەی ئەو خودە نائومێد دەبێت خیانەت لەوانی تر بکا و دەسەڵاتی ئەوەی نییە وەها خیانەتێك بکا، ناچار خیانەت لە خودی خۆی دەکا و دەبێتە خائینێکی ئەبەدی کە تا کۆتایی ئەو خودە، خیانەتی خود ئیدامە پێدەدا.

پاژی سێیەم: خود لەنێوان ئاگر و جیهاندا
وەکو لە پاژی یەکەم و دووەمدا باسی ئەو نائومێدییە مەزنەمان کرد کە شاعیر باسی کرد و بە خیانەت کۆتایی پێهێنا، ئێستا وێنایەك لە جیهانی ئاگرین دێتە پێشەوە کە خود بەرەو ئاگرستانی ڕۆح دەبا و وای لێدەکا پرسیار لەبارەی ئەو جیهانە پڕ لە ئازارەوە بکا، خۆی تیادا دەبینێتەوە و نمایشی ڕۆحی خۆی تیادا دەکا.
((هەبکە ئەی هەوای ناو سەرم
جیهان بخەرە ترسەوە
وەك دڵی من کە گڕ دەخوات
لە تاو سەرێك کە ئاگرە))
ئەو هەوایەی شاعیر باسی دەکا، دەبێت کوژێنەرەوەی ئەو جیهانە ترساو و دڵە گڕگرتووەی کە ئاگر ناسنامەیەتی، ناسنامەی گڕ کە بە

زمانی ئاگر گوزارشت لە سووتانی خود دەکا و ڕاساکانی تەنیایی بە فڕچەی نائومێدی دەکێشێ و ئازارەکان لە پەنجەرەی ئاوەوە هەڵدەداتە نێو کانیاوی نائومێدییەوە، بۆیە مەسەلەی بوونی سەرەك لە ئاگر دەبێتە چەقی باس و نازانرێ چۆن شاعیر لە سیاقی ئەو دۆخە پێ لە گۆڕ زگاربکرێ مەگەر بە هاتنی ئەو هەوا فێنك و کوژێنەرەوەیەی کە لە سەری شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبێتە پێدەشتی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی هەموو وجدی شاعیری خستووەتە بەردەمی گریمانەی ئاگر و سووتانەوە، دەستەکانی شاعیری خستووەتە بەردەمی دەرگای فڕین و کەوتنەوە، ڕاحی شاعیری خستووەتە بەردەمی ئەستانەی تەنیایی و مردنەوە.

ئەوەی لە شیعرەکەدا دەبینرێ، جەرەك لە بەزەییهاتنەوەیەێ بە خود. (نیتشە) بەزەییهاتنەوەی دەخستە نێو چوارچێوەی خراپەوە، چونکە پێیوابوو ئەوکاتەی تۆ بەزەییت بە من دێتەوە، لەبەر ئەوە نییە منت خۆشدەوێ، بەڵکو بۆ ئەوە بەزەییت بە من دێتەوە، تا ئەو ترسە لە خۆت دووربخەیتەوە و ئەوەی بەسەر من هاتووە، وای نیشان بدەی کە ترسەك نییە ڕووبەڕووی تۆ ببێتەوە، ئەمەش وا دەکا بەزەییت بە من بێتەوە تا ترسی ئەوە لەخۆت دووربخەیتەوە، ئەو شتەی بەسەر من هاتووە، بەسەر تۆش بێت. لای (نیتشە)، ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا و پێویستییە، بۆیە بەزەیی بە چوارچێوەی خراپەوە دەبەستەوە، لەو پارچە شیعری خوارەوە زیاتر قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین.

کاتێ مرۆڤ بەزەیی بە ئەوی تردا دێتەوە، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەو بەزەییەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەی بەزەییهاتنەوەێ بە خود واتای چییە، مرۆڤ کاتێ بەزەیی بە خۆی دێتەوە نیشانەی چییە؟! نیشانەی بەهێزییەتی یاخود نیشانەی ئەوەیە کە حەقیقەتێك کە لەنێو خوددا هەیە پێویستی بەوە هەیە بۆ ئەوانەی تریش دەربکەوێ؟. سەرچاوەی ئەو بەزەییە، ئازارێکە کە لەوانەی تریشەوە گەیشتووە بە خود. شاعیر لە دەرنجامی ئەو بەزەییە، خودێکی بەهێز نمایش دەکا، بەو واتایەی بەزەییهاتنەوە بە خود، وای نەکردووە شاعیر ببێتە کەسێکی بێهێز، بەڵکو سەرەڕای هەموو ئازار و نائومێدی و خیانەتێك، هێشتا بەدوای هەوایەك دەگەڕێ لەنێو سەری خۆیدا کە ئازارەکانی بەکاتا بێنێت و خەمەکانی بکات بە ئاوازێك بۆ مانەوە و ژیان.

((پێشنیاز:

لە گەڵان و هەڵهاتن و کەوتن مەترسن..

بەیانی هەر وەکو ئێستایە

سەدان بەیانی دێت بەبێ دەنگی کەڵەشێر

من زۆرم دیون لەو بەیانییە بێمروەتانە

ئیتر خۆم کاتێکم ناولێناوە بەیانی.))

لە کۆتایی گەشتەکەیدا، شاعیر دەیەوێ پەیمان بێ کە لەو ژیانە ماندووکەرە، مادام هەموو شتەکان دووبارەن، کەواتە ئازارەکانیش دووبارەن، ئازاری دووبارەش شایانی ئەوە نییە لێی بترسی، بەکو دەبێت بە پەیمۆچەی هیچ لەسەر کاغەزکی لە هیچ وێنای بکەشرێ، ترسانیش لە هەڕهاتن و کەوتن، لە کاتکدا کە بەیانی هەر وەکو ئەستایە و کەهەشرێك نییە بقووقێنێ، ئیتر دەبەنگییە، بەکو دەبێت مرۆڤ خۆی کاتێك بدزێتەوە ناوی بنێ بەیانی و شەوێك بدزێتەوە ناوی بنێ شەو و ئابردووێك بدزێتەوە ناوی بنێ دوێنێ، مادام خەکی لە دەنگی کەهەشێر دەترسن، کەواتە هاتنی بەیانی بێ ئەو ترسنۆکانە سوودی نییە، وەکو دەگوترێ: بۆیە خەکی زیاتر حەز لە مریشك دەکەن نەك کەهەشێر، چونکە خەکی بەدوای ئەو شتەوەیە سکیان تێر دەکا، نەك ئەو شتەی خەبەریان دەکاتەوە.

وەکو گوتمان (نیتشە) بەردەوام لەگەڵ ئەو بۆچونە بوو کە ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا، بۆیە مانەوەی ئازاری لەگەڵ مرۆڤ وەکو پێویستییەك، بە گەورە دەزانی، ئەو پێیوابوو مادام ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا، کەواتە پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەمەش پێچەوانەی دیدگای (شۆپنهاوەر) بوو کە ئەمیان ئازاری وەکو پێویستییەك نەدەبینی، ئەگەرچی لە سەرەتادا (نیتشە) و (واگنەر)ی هاوڕێی هەردووکیان لەژێر کاریگەری دیدگا فەلسەفییەکانی (شۆپنهاوەر) بوون، بەڵام دواتر بابەت و تێڕوانینەکانیان دەبەنە نێو قاڵبکی دیکەوە و لە کەمەڵەك ڕوانگەوە بۆچوونەکانی (نیتشە) دژی بۆچوونەکانی (شۆپنهاوەر) دەوەستنەوە، یەکێك لەو مەسەلانە بابەتی ئازارە کە هەمیشە (نیتشە) پێیوابوو ئازار پێویستییە نەك سزایەك بێت تووشمان هاتبێت، بۆیە مرۆڤی بەهێز لەگەڵ ئازار دەجەنگێ.

شاعیر لەم شیعرەدا، ئازارەکانی دەبەستێتەوە بە عەقڵەوە. پێوندی نێوان عەقڵ و حەقیقەت پێوندییەکی سروشتییە و دەستکرد نییە، ئەو پێوندییە پێوستە بە بیرکردنەوە. دنیای عەقڵ لە حەقیقەت دەگەڕێ و دەدوێ، ئینجا ئەو حەقیقەتە لە شەقامی (وەهمۆکان)دا پیاسە بکا یان لە شۆستەی (واقیع)دا، گرنگ حەقیقەتێك هەیە و واتا عەقییەکانی لە خۆیدا مەناس داوە، یان دەکرێ بڵێین، عەقڵێك هەیە و ماناکانی حەقیقەتی لە خۆیدا مەناس داوە. دنیای عەقڵ، دنیای وردبوونەوەیە لە واقیع و وەهم و دیار و نادیار و گشت و بۆراوردکردنی ئەو گشتە لەگەڵ هیچ و درۆزکردنەوەی کردارەکان تا ئاستی گەیشتن بە ئەنجام. ئەو کاتەی عەقڵ زۆرترین پرسیار لەدوای خۆیدا جێدەهێڵێ، سەلماندنی سەرکەوتنی عەقڵەکە ئاسان ناکەوێتەوە. بەشێك لە پرسیارەکان، هەڵگری وەڵامکانن لەنێو خۆیاندا و بەشێکی تریان دەزرەوەی پرسیاری زیاتر و بنیاتنەری وەڵامی زیاترن.

ئایا شاعیر لەم دەقەیدا پرسیارەکانی لە کۆوە سەرچاوە دەگرن؟
پرسیاری مرۆڤ بەرهەمی ونبوونی حەقیقەتێك یان شتێكە، دڵشۆ ئەو حەقیقەتە ونە بووە هەبێ، بەڵام كەسی پرسیاركەر كە دوورە لەو حەقیقەتە یان لەو شتە، لە دڵنجامی ونبوونی ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێ، تووشی گومان هاتووە، بۆیە دەیەوێ لە ڕێگای پرسیارکردنەوە، ئەو گومانە لە خۆی دووربخاتەوە. پرسیارەکان دەست لە ملی وەڵامەکان ناکەن لە ئانی بوونی ناکۆکی فیکریدا, یانی کاتی ئاشتبوونەوەی پرسیار و وەڵامەکان پێویست نییە بە کۆشە فیکرییەکانەوە، لەوانەیە بوونی کۆشەی فیکری زیاتر، گومانی زیاتر و پرسیاری زیاتر دروست بکەن، بەڵام بە وەڵامی کۆمترەوە .

ئەنجام:
(سەاو لە بیکەت)ی (داستان بەرزان)، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی خود و دامایینی ئەو دیوە کرێت و دزێوەی هەمیشە وەکو جەوهەر نمایش کراوە. شاعیر گەڕەکیەتی نهێنییەکان ئاشکرا بکا، نهێنییە خودییەکان کە ئازاری هەمیشەیین و هاوزەمان لەخۆگری ئەو پرسیارە گەورانەن، مرۆڤ دەیەوێ نمایشیان بکا و بیانکاتە کەرەستەیەك بۆ خزانە نێو باوەشی ئاسوودەیی و حەقیقەتی زیندەگی، حەقیقەتێك بە هەمان فۆچەی ئەو وەهمە نەخشێنراوە کە کراوە بە هۆکاری مانەوە و بوون، بوونێك کە وەهمە و درۆیەکی دیکەی ژیانە، بۆ ڕزگاربوون لەو درۆ گەورەیە کە ناوی ژیانە، شاعیر وزەی زیاتر کۆدەکاتەوە، لەڕێگای ناسینی زیاتری خود و ئەوی تر و گەردوون و خودا.

سەرنج:
ئەو شیعرەی کاك (داستان بەرزان)، لە ژمارە (321)ی گۆڤاری (ڕامان) بڵاوبۆتەوە، بۆ خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گۆڤارەکە.

پەراوێزەکان:
(1) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە کە (وەهای گوت زەردەشت) لە دیارترین کتێبەکانیەتی، لە چوار بەش پێك هاتووە، بە دەربڕینێکی شاعیرانە نووسراوە. (نیتشە) لەم کتێبەدا، هەوڵی تێکشکاندنی خاچیدا. کورتەی کتێبەکە ئەوەیە کە (زەردەشت) دوای دە ساڵ گۆشەگیری، لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە.
(2) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، پێیوابوو ئەوەی کە لەم ژینە فەرمانەوایی دەکا، عەقڵ نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی وەحشییە کە عەقڵ بەکاردەهێنێ بۆ گشت مەبەستە ڕەشەکانی خۆی، ئەو ئیرادەیە ڕیشەی

بوونه و هەموو نەهامەتییەکانی ژیان، لەوەوە سەرچاوە دەگرن. ئایدیالیستی تەواو نەبوو، هیچ کەس وەکو ئەو ڕەخنەی لە مەتریالیزم نەگرتووە. ئیرادە پەیوەست نییە بە کات و شوێنەوە، واتە خودی هەبوونە و لە دەرەوەی کات و شوێنە، کەواتە تاك و تەنیایە. هەرچەند پلەی بوونەوەر نزم بێت، ئیرادە هێندەی تر زاڵە بەسەر بوونیدا، بۆیە کرداری ئاژەڵەکان، هەمووی ئیرادەیە، کرداری مرۆڤەکان هەندێکی پێچراوە بە عەقڵەوە، تەنیا کرداری مرۆڤە بەرزەکانە کە زیاتر لەسەر بنەمای عەقڵە نەك ئیرادە.
(3) لە ئەمانیا لە دژی پاپا شۆشی کرد و چەندین چاکسازی دروست کرد کە بووە هۆی دروستبوونی ئایینی پرۆتستانت. جەختی لەسەر وازهێنان لە گۆشەگیری کردەوە. زەواج لە مەسیحیەتی ڕاستەقینەدا جگە لە گونجانێکی سەپێنراوی مرۆڤ لەگەڵ سروشتە تاوانبارەکەی خۆی، زیاتر نییە، بەڵام مارتن لۆتەر هاوسەرگیری بە جوان و پیرۆز دانا.

سەرچاوەکان.

1: سەاو لە بیکەت، داستان بەرزان، ژمارە (321)ی گۆڤاری ڕامان.
2: چیرۆکی ئایینەکان، سلێمان مەزهەر، و: لوقمان حاجی قادر
3: فەلسەفە بۆ ئەوکەسەی دەیەوێت، د. نەبیل عبدالحمید عبدالجبار، و: هاوار محەمەد ڕەشید
4: سەفەر بەرەو منالی بە کەشتیی گەورەبوون، بێند باجەلان، ژمارە (69-70)ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ.
5: فەلسەفە و ژیان، فاروق ڕەفیق، سلێمانی، 2009

فێین بەرەو ڕووباری وشە بە باڵی جوانی!.. بێند باجەلان

(شیعر وەکو دنیای مانیفێستبوونی ئەو فێینە)

سەرەتا:
هەمیشە گەیشتن بە فەزای ئەو وشانەی لە ڕۆحەوە دەردەچن، پێویستی بە مەعریفە هەیە، خۆ ئەگەر قسە لەسەر (فەزای شیعری) بکەین، ئەوا لەپاڵ ئەو مەعریفەیە، پێویستیمان بە دروستکردنی دنیایەك هەیە،

بانگمان دەکا بۆ خۆشەویستی و بەرائەت و ترازان لە کینە و تارمایی.
ئەرکی هەخنەگر بریتی نییە لە دابەشکردنی دەق بەسەر دوو بەرەی دەقی (باش) و (خراپ)، بەڵکو گەیشتنە بەو فەزایەی، ڕۆح تیایدا سەنتەرە و ئاگادارکردنەوی خوێنەریشە لەو تەگەرە دەستکردانەی، زۆر جار (جەهلی ئەدەبی) کە بەرهەمی (کینەی ئایدۆلۆژی و فیکری و دەروونییە)، لە پشتیەوەیەتی.
بۆ گەیشت بەو ڕۆحە شیعرییە، کار دەکەین بۆ کەشفکردنی چەند کۆدی شاراوەی نێو دنیای مەودا فراوانی شیعرەکانی (سەباح هەنجدەر)، چونکە هەست دەکەین شاعیر توانیویەتی، خوێنەر بخاتە نێو بازنەی ئەو بیر کردنەوانەی، هەمیشە پێویستییان بە دووبارە بوونەوە هەیە.

پاژی یەکەم: (خنکان لەنێو دنیای جوانی)دا.

خنکان هەر بە تەنیا وەستگەی گەیشتن نییە بە مردن، بەڵکو زۆر جار گوزارشتە لە قووڵترین خاڵی بیر کردنەوە کە لەڕۆگایەوە دەگەین بە حەقیقەتی زیاتر، کەواتە جۆرێك لە خنکان هەیە، لە دەرەنجامی گەڕان بەدوای حەقیقەتەوە پێی دەگەین.
(ئاوەدانی هەگم
هەگ دەمگەیەنێ بە لێهەبووم
لێهەبووم بۆم دەڕوانێ
لێوی پەڕیوم بە گۆلمی خۆم وەدەنێم
پرچی پەتری مناڵیم هێشووی سێبووری گرتووە
دڵم و کۆت و بەندی کات و ناکات دەکەمەوە)
لەم پارچە شیعرەدا، شاعیر ئینسان پەیوەست دەکا بە هەگەوە، ئەمەش بەخشەری هێزە بەو مرۆڤەی، ویستی گەیشتنی هەیە بە وزەی درژەدان بە ژیان. دیسانەوە گەڕانەوە بۆ مناڵی، پشت بەست بە ئاوەدانیی ئەو هەگەی شاعیر تێبینی دەکا، سێبووری بۆ ئێستای شاعیر دەهێنن و دەرەنجام مناڵیی شاعیر پێ دەبڕت لە دەنکە تڕێ و قەترە فرمێسك کە تامی بزە دەدەن، سەرەنجامی ئەو سەفەرەش، کرانەوەی ئەو کۆتە هەمیشەییانەیە، کەسێك لە زەمەنێکی شیندا دەیانخاتە گەردەنمانەوە.
زەمەن کاتێ شین دەبڕت، هەموو شتێکی نێو زەمەن هەر شینە، پرتەقاڵەکان شینن و پەنجەرەکانیش هەر شین، دەرگاکان شینن و فرمێسکەکانیش هەر شین، بۆیە بۆ هەزگار بوون لەو (شینستانە)، پێویستە بەردەوام ئێستامان گەڕانەوە بڕت بۆ مناڵی، چونکە ئەو دنیا پەمەییەی لەنێو خەیاڵی زارۆکمان بوونی هەیە، مەگەر هەر لە باخچە سەوزەکانی ئەوەدا پێی بگەین، ئەگینا سەحرای شینی

(گەورەبوون)، هەرگیز نابێتە مەملەکەتی خەیاڵە پەمەییەکان.
وەکو گوتمان، شاعیر تێبینی ئەو ڕەگە پتەوە دەکا کە هێزی ئەوە، هێزی خۆشویستنی وشە و نیشتمان و خودا، هێزی بەرگەگرتن بەرامبەر ئازار و سەراب و ناڕەحەتی کە ئەمەش دیدگای (نیتشە)یە، کاتێ پێی وابوو، ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا و دژی بڕچوونی (شۆپنهاوەر) بوو کە وجودی ئازاری وەکو پێویستییەك قەبووڵ نەبوو، بەڵکو ئەو پێیوابوو کە بەزەیی تێ بەرامبەر بە من، تەنیا بۆ ئەوەیە، ترسی ئەو ئازارەی تووشی من بووە، لە خۆت دوور بخەیتەوە.

پاژی دووەم: گەڕانەوە بۆ سروشت و ترسان لە سروشت!

ئەو ساتەی، مرۆڤ لەنێو سروشتدا، سروشتێکی بەد نمایش دەکا، ئەوا بەرامبەر تووشی ئازارگەلێك دەکا، وەکو ئازارەکانی نێو سروشت دەردەکەون، کەچی لەنێو وێنا ڕاستەقینەکەی ئەو نمایشە، دەزانین کە ئازارەکان هیچ نین جگە لە ئازاری مرۆڤە بەدەکان کە دەمانسووتێنن.
(سروشت هەموو شتێکت ترساندوومی
لرفەی ئاگرت
بڵندایی چیات
گەفی ڕووبارت
دەشتایی ڕووتت
پەنجەم لە چاوەڕوانییەکی دوانەهاتوو یان گیان پێنەماو)
ترسان لە سروشت، ترسانە لەو دیوە بینراوەی کە مردن بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەڵام لە شیعرەکەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ ترسان لە مردن بوونی نییە، تەنیا ترسان لە ڕووگاکانی گەیشتن بە مردن هەستی پێ دەکرێ، بۆیە شاعیر وەکو کارەکتەرێکی بوێر باسی ئازاری ئەو سروشتە دەکا، بوونەوەرییەك کە لە ترسان لە ئاگر و چیا و ڕووبار و دەشتاییدا بە کۆتا دەگات، ترسانێك کە چاوەڕوانییەکی دوانەهاتوو یان گیان پێنەماو بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
مرۆڤ لە ئەستانەی گەیشتن بە مردن، لەوەیە بیر لە ڕووگاکانی گەیشتن بەو مردنە بکاتەوە، وەك چۆن باڵندەیەك دەفڕێ و دەشزانێ فڕینی ئەو لەوەیە مردنی ئەو بێت، لەوەیە لە میانەی ئەو فڕینەیدا، ببێت بە قوربانیی فیشەکێك یان ساچمەیەك یان دارلاستیکێك، بەڵام هێشتا ئەو ترسانە لە فڕین پاشگەزی ناکاتەوە و بەردەوامە لە فڕین بەرەو مەملەکەتی ئەو حەقیقەتەی، بکۆتایە.
(سارتەر) لە شانامەی (دەرگای داخراو)دا، لەسەر زاری کارەکتەرێکەوە دەڵێت: (نۆخەر لە دۆزەخدا پێویستیمان بە گورزی ئاگرین نییە، دۆزەخ هەر ئەمانەی دەوروبەرمانن). ناڕەحەتیی

نائاسایی (سارتەر)، بەشکی پەیوەستبووە بە شۆی (سارتەر) خەیاڵەوە کە خاوەنی دوو چاوی کز بووە و ماماڵەی ئەوانیتر لەگەڵیدا لە منایيەوە نائاسایی بووە، دواجار (سارتەر) نیگای ئەوانیتر بە ڕق و کینەوە ڕووەدەکاتەوە، بەیەکژیان لەگەڵ ئەوانی تر لای ئەو فەیلەسوفە، دژەخەکە بە خۆی، چونکە هەست بەو ئازارە دەکا کە لە مرۆڤەکانەوە پەمان دەگەن.

پاژی سێیەم: لە ئەزموونی مردنەوە بۆ ئەزموونی گۆڕستان!

گۆڕستان ئەزموونکی تازەیە بۆ مرۆڤ بە هەمیشەیی، چونکە بەردەوام مردووی تازە دێنە نێو گۆڕستان، بۆیە ئەو مەملەکەتە بەردەوام خۆی تازە دەکاتەوە، بەردەوام لەسەر حیسابی خوێن و ئێسقان و جەستەی ئەمە، بانگەشە بۆ ئیفڵەم دەکا.
(گۆڕستان ماڵکە ئازیزەکانی بانگ دەکاتە ناو خۆی بە مەدالیا ناسراویان دەکا
فەری زمانی هەموومان دەبن
لە
کتێب و
چرا و
سرووش و
شەش و
ئەسپ دەدوێن
دارشەخسەکانی لێیان دەبڕدرێ بۆ
لانك و
بلوێر و
گەپاڵ و
پەرژین
چۆن و بە چ تامەزرۆییەك دەمخەیتە سەر دووبارەی بەهەزی فەین ئای فەین بەرەو کۆم دەبات)
شاعیر باسی ونبوونی ئازیزەکان دەکا لەنێو گۆڕستاندا، باسی ئەو لێدوانە دەکا کە لێدوانە لە کتێب و چرا و شەش و ئەسپ، دواتر (فەینی نادیار) کە فەینە بەرەو دنیایەکی نادیار، خەیاڵی شاعیر داگیر دەکا، فەینك لەپاڵ ئازار و ناڕەحەتییەکانی، لەخۆگری تامەزرۆییەکانی گۆڕستانە و وێناگەلی وەکو لانك و بلوێر و گەپاڵ و پەرژین بەدوای خۆیدا دەهێنێ.
گۆڕستان پێمان دەڵێ: شکستی مەزن ئەو شکستێ, مرۆڤ هەست بکا لەسەر ڕێگایەکی ڕاستێ و هەر ئەو ڕێگایەش سپاردەی دژەخی بکا، شەڕ

لە پەناوی ئایدیایەك بكا و هەر ئەو ئایدیایش بیبا بەرەو كەناراوەكانی مردن، شانازی بە مەعریفەیەكەوە بكا و هەر ئەو مەعریفەیە وجود و بیر كردنەوە و عەقڵی لە بسڕنەوە، كەواتە لەو ساتەدا ئەو مەعریفەیە هیچ نییە جگە لە جەهلەكی خۆست كە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بە گومڕابوونی زیاتر.
مادام ژیان هەر كۆتایی دێت و لە چركەساتەكدا دەبینەوە بە سفر، كەواتە ئەوەی دەمێنێتەوە، ڕابردووی ئێمەیە، هەر ئەو ڕابردووە بەرپرسیارە لە داهاتووی ئێمە و خۆشی و ناخۆشی ئێمەی پێوە لكاوە، بۆئەندازەی جوان كۆشانی تابڵی ڕابردوومان، باخچەی ئایندەمان فراوانتر دەبێت, ئەو حەقیقەتە شتێكە پێویستی بە سڵماندن نییە، چونكە زمانی حاڵی هەموو مردووەكان ئەوەمان پێ دەڵێن كە ژیانی دنیا كۆتایی بە هەیە، بەڵام وەستگەی جوانكردن و نەخشاندی ژیانی حەقیقییە، هەر ئەو چركەساتەی سپاردەی خاكمان دەكەن، تەدەگەین ئازاردانی ئەوانی تر، چ كارەساتێكی مەزن بوو، وەڵە تازە درەنگە بە هەموو شتێك !

كۆتایی:
شاعیر بەردەوام لەم بەرهەمەیدا كە (زەوان)ە، پەمان دەڵێ: پێویستە بە قووڵی لە دنیا بڕوانین و مامەڵەیەكی قووڵ لەگەڵ ووداوەكان بكەین، وەڵە ئەو مامەڵەیە، هیچ لە حەقیقەتی پوچێتی دنیا كەم ناكاتەوە.

___

سەرچاوە:
دیوانی سەباح رەنجدەر، بەرگی یەكەم، 2018، هەولێر
ژیان بەمانایە؟، بەند باجەلان، 2023، هەولێر
سەفەر بەرەو منالی بە كەشتیی گەورەبوون، بەند باجەلان، گەڵاوێژی نو، 2022

سێ چیرۆكی زەر كورت بە باوكم..

بەند باجەکان

بابە

دەستەسرێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە منی ڕاگرت. گیرفانەکانم پڕ بوون لە کڵێنکس، بڵێە گوتم: پێویستیم پێی نییە. دواتر بیرمکردەوە، چی دەبوو ئەگەر دەستەسڕەکەم لێ وەربگرتایە و فرمێسکەکانی چاوم نا، ئەوانەی دەم پڕ بسریبایەوە. چەند جۆرێك بوو دەم ئازاری هەبوو. زیاتر بە لای دختەر، گوتی: خێت تاقیبکەوە بزانە دەتوانی لە ماوەی جۆرێکدا چەند کیلۆ هەنار و ترێ بخۆی. من دەمزانی کێشەی دەم ئەوە نییە کە گەدەم گیراوە و ناتوانم هیچ بخەم، کێشەی دەم دووری ئەو کەسەیە دەستەسڕێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە منی ڕاگرت و من گیرفانەکانم پڕ بوون لە کڵێنکس و نەمگوت: بڵێنە بیخەمە سەر دەم. ئای بابە گیان چەند بیری تێ و دەستەسڕەکەت دەکەم!

مردوو

پەرۆشی من بۆ ئەوە بوو، جارێکی تر تێ ببینمەوە و بەیەکەوە لە باخچە بچوکەکەی ماڵەوەمان دابنیشین و چایە بخێنەوە، چونکە تێ باوکی من بووی. کراسێکت کڕیبوو، کات دەرفەتی نەدای لەبەری بکەی. کە تێ دەچوویتە نێو باخچە، هەموو باڵندەکان دەهاتن و لە چواردەورت کۆدەبوونەوە، هەمیشە دەستەکانت پڕبوون لە نوقڵ، بۆ باڵندەکان نا، بۆ ئەو ئازارانەی من کە هەمیشە داگیریان دەکردم. ئەو کەسەی کە تەرمەکەی دەشڕدی، هاواری کرد: ئەو هەموو باڵندەیە چی دەکەن لەسەر ئەو تاتەشڕە سپییە؟ ژوورەکەت پڕ ببوو لە باڵندە، بۆ ناشتنی تێ نەهاتبوون، ئەوان بۆ ئەوە لەوێ بوون، ببینن کە ئەو ئازارێی تێی کوشت، نەبووە بە نوقڵ؟

(و)

سەرپۆشەکەی دا بەسەریدا و ڕووخساری سوور ببوو. دایکم هەمیشە هەر وابوو، هەر کاتێ بیری باوکمی دەکرد، لەچکەکەی دەدا بەسەریدا و ڕووخساری سوور. وەك ئەوەی هەستی بە دوودڵی و پەشۆکاوی من کردبێت، گوتی: بەفر هێندە باریوەتە نێو حەوشەکەمان، مرۆڤ نیگەران دەبێت. دەمزانی دایکم نیگەرانی بارینی بەفر و حەوشەکەمان نییە، ئەو تەنیا بیری باوکمی دەکرد، کە بەیانییەك بەر لە نوێژی بەیانی، کۆاوەکەی کردە سەری و گۆچانەکەی لە دەستی گرت و کفنە سپییەکەی

لەبەر کرد و چەند کتێبکی سەوزی خستە بن هەنگڵی و ڕۆیشت و نەگەڕایەوە و دایکم و سەرپەشەکەی دایکمی بۆ ئەبەد تەنیا کرد و دایکم گوتی: نەگەڕایەوە باوکت!

جگە لە پیاوە شکاوەکان.. بۆند باجەلان

من لەنێو ئاوێنەی سزادا، پاداشتی هەڵەکانی بینینم چەشت .
منیش وەکو باران،
ساردییەکی بڕۆنگم،
حەز بە گەڕانەوە دەکەم،
لە ماڵی کۆترەوە، بەرەو ئەستانەی ونبوون .

دەبێ لە مشتی دەریادا بمرم و ببم بە ئاو. تۆ خاوەنی ئاوی لەوکاتەی، پێشدەکەوێ دونیا و من لە ئاوێنەی سزادا، پاداشتی هەڵەکانی بینین و نەبینین دەچێژم! باش دەزانم، هەموو ئەستێرەیەك لە ئاسماندا، هەموو کرمێك کە تا سپێدە لەنێو تەنیایيدا پیاسە دەکەن، پێویستییان بە تۆیە. بە لاری کەوانەیەك، کۆتایی بە بەسەرهاتی کەوتنی ئاوێنەکان دێت.

تۆ هەمیشە هەمیشەیی!
دڵنیام گەر سپێدە نەیەت، خاخاکە دەخەوێ. بیرکردنەوە لە دەنکە خەردەلێك، هاوشێوەی بیرکردنەوەیە لە هەموو دونیا.
ئەفسانە لە گالیسکەکە کەوت.
چوارچێوە شکاوەکان،
کورسییە بیمارەکان، شایانی ئەوەن بۆ هەندکیان نەگرین.
شەقامەکە، لە کۆتایی شۆستەکە دانیشتووە و سیگار دەکێشێ. تۆ سزای من مەدە لە کاتکدا یەکجار دڵتەنگم و سپاردەی گوناهم. لە خەونکی کورتی زستاندا، نیازی هەناسەیەکی تازە و
فرمێسککی تازە و
هەناسەیەکی چاو بە فرمێسکم دزییەوە.

ئاو بەبێ پاسەپۆرت، دەژێتە نێو ئابردوومەوە. جارجار ژیان ئەو

شکستە گەورانەی خۆیم لێدەشارێتەوە.
وەڵامێکی دروستم دایەوە،
بە خۆمم گوت: ئەگەر ئامادەبووی، بڵێ: ئا .
ئاگر بەبێ ناسنامە، دەمکا بە خۆەمێش، ئاگری جوانیت. دەبێ بگەڕێمەوە بێ ئەو زەمینەی، ناوی منی لە ڕێبوارەکان پرسی. تەنیا هەر کەوتنێك ماوە. ئەو گیا ناسکانە، نازانن چی دەکەن؟!. نازانم من بۆچی دەبێ لەبارەی هاتنی خۆمەوە بنووسم؟. دەبێ بگەڕێمەوە بێ ئەو زەمینەی، ناوی منی لە دەریادا ونکرد!.

بەر لە ئێمە، تەنها تۆ هەبووی.

ڕێزی چرکە ساماناکەکانم تێبینی کرد. ساتەکان بچوك دەبنەوە. هەر کاتێك خوازیاری هەر شتێك بم، دەزانم خاکی پرتەقاڵەکان، هەرگیز ناتوانێ ببێتە بەخشەری خۆخە تازەکان. لە نێوان هاتن و نەهاتندا، چلوورە دەتوێتەوە بە ئاراستەی هاتنی من و نەهاتنی شەو. لە لاپەڕەی کۆتایی هەموو کتێبەکانی قوتابخانەدا، تێبینی چرکەساتی ڕێیشتنی زۆر شت دەکەم. چرکەساتە سامناکەکان، ڕێزی منیان نەگرت.

بەر لە باران، تەنها تۆ هەبووی.

من ڕووباری (سیروان) نیم. ئێستا لە هەفتەیەکدا،
تەنها
ڕێژێك
چڵەکەکان
دێنە سەر گڕێی شکستەکانم!
دیوارەکان، تووڕەن. هەورەکان، بەشێکی ترن لە پێگە ناوازەکانی ئاو. دەزانم هەموو خەتای من بوو لە ناکاو بڕیاری سزادانی چاویلکە شکاوەکانمدا. خاك گیانی سپارد. مانگ و ئەستێرە، لە جوانی ئاوێتەی یەکتری، پیاڵەکان پێ دەکەن لە پرسیار، پیاڵە شکاوەکان نەبن: من ڕووباری (سیروان) نیم.

بەر لە مردن، تەنها تۆ هەبووی!

وشە تەنیاکان، بخەینە نێو گۆزەیەکی شکاوەوە.
خەیاڵم
دەبێ بە با.
چی لە دانەدانە کەوتنی گەڵاکانی پایزدا تێبینی دەکرێ؟ کە ویستم بڕۆم، دەرگاکەم بە ڕووی خۆمدا داخست، با ئەوانەی لە ژوورەوەن، هەست بە سەرمای ناخی من نەکەن. تۆ یەکەمین و دووا‌هەمینی. شەختە

بەر لە تووانەوە، بیری دەکەوێتەوە مەرگ نزیکە. چی دەبێت ئەگەر لە ناکاو سەر بەرز بکەیتەوە و ببینیت کە ئاسمان پڕە لە ئەستێرە؟ ئەمڕۆ نە ماڵەوەم گسك داوە و نە دەستم بردووە بۆ سۆوە سووڕەکانی پەنجەرەی وەستان بە ووی بیرەوەرییەکان. دەخوازم وێنەی دارگوێزێك بکێشم لەسەر قەدی دارقەزوانەکە. بە هەر حاڵ، هەموو کەسێك لە کۆتایی تەمەنیدا، بیری دەکەوێتەوە کە زۆر شتی لەدەستداوە.

باران نم نم نابارێ.

تۆ
بۆسەرەتا و
بۆکۆتای. وجودم سووڕە و بەسەر ئەو شووشە شکاوانەدا دەنووزێتەوە!

سەگ بەر لە تۆپین، بیری دەکەوێتەوە، ئەو هەرگیز مەیموون نەبووە.

تا لە سەرابی ڕۆژە مەیوەکان غەرق نەبووین، با هەست بکەین ئازارەکان بە هۆی دووری وشەکانە لەو ڕستانەی، چوون بەرەو ئۆقیانووسی بڕین. تۆ بۆ هەمیشە و بۆ هەمووانی. کاتێکی زۆر تێپەڕیوە و هاوین لە دەرەوە و ژوورەوەی ماڵەکەمان هەر هاوینە.

کەر بەر لە نەمان، بیری دەکەوێتەوە کە ئەو هەرگیز (داروین) نەبووە.

من لەنیو ئەو خەڵکەدا، ویستم خۆم بدۆزمەوە لە ساتی بیرکردنەوە لە ونکردنی شتە سەرەتاییەکان. دڵنیام من سەر بە ڕەگەزی ئەو پەشیمانییانەم، زۆر دوور و بێسوودن. ئەو ڕۆژە دەردەکەوێ خۆشتبوێم؟ کێ هەیە وا بکا من سەرمام نەبێ لە بارێکدا دڵم پڕە لە شەختە؟

باران نم نم نابارێ.

جگە لە پیاڵە شکاوەکان... بڵند

باجەلان

من لەنێو ئاوێنەی سزادا ، پاداشتی هەڵەکانی بینینم چەشت .
منیش وەکو باران ،
ساردییەکی بڕەنگم ،
حەز بە گەڕانەوە دەکەم ،
لە ماڵی کۆترەوە ، بەرەو ئەستانەی ونبوون .

دەبێ لە مشتی دەریادا بمرم و ببم بە ئاو . تۆ خاوەنی ئاوی لەوکاتەی ، پێشدەکەوێ دونیا و من لە ئاوێنەی سزادا ، پاداشتی هەڵەکانی بینین و نەبینین دەچێژم ! . باش دەزانم ، هەموو ئەستێرەیەك لە ئاسماندا ، هەموو کرمێك کە تا سپێدە لەنێو تەنیاییدا پیاسە دەکەن ، پێویستییان بە تۆیە . بە لاری کەوانەیەك ، کۆتایی بە بەسەرهاتی کەوتنی ئاوێنەکان دێت .

تۆ هەمیشە هەمیشەیی ! .
دڵنیام گەر سپێدە نەیەت ، خاخاکە دەخەوێ . بیرکردنەوە لە دەنکە خەردەلێك ، هاوشێوەی بیرکردنەوەیە لە هەموو دونیا .
ئەفسانە لە گالیسکەکە کەوت .
چوارچێوە شکاوەکان ،
کورسییە بیمارەکان ، شایانی ئەوەن بێ هەندکیان نەگرین .
شەقامەکە ، لە کۆتایی شەستەکە دانیشتووە و سیگار دەکێشێ . تۆ سزای من مەدە لە کاتێکدا یەکجار دێتەنگم و سپاردەی گوناهم . لە خەونێکی کورتی زستاندا ، نیازی هەناسەیەکی تازە و
فرمێسکێکی تازە و
هەناسەیەکی چاو بە فرمێسکم دزییەوە .

باران نم نم نابارێ .

ئاو بەبێ پاسەپێت ، دەژێتە نێو ئابردوومەوە . جارجار ژیان ئەو شکستە گەورانەی خۆیم لێدەشارێتەوە .
وەڵامێکی دروستم دایەوە ،
بە خۆمم گوت : ئەگەر ئامادەبووی ، بڵێ : ئا .
ئاگر بەبێ ناسنامە ، دەمکا بە خڵەمێش ، ئاگری جوانیت . دەبێ بگەڵمەوە بێ ئەو زەمینەی ، ناوی منی لە ڵێبوارەکان پرسی . تەنیا هەر کەوتنێك ماوە . ئەو گیا ناسکانە ، نازانن چی دەکەن ؟! .
نازانم من بۆچی دەبێ لەبارەی هاتنی خۆمەوە بنووسم ؟ . دەبێ

بگەڕەوە بۆ ئەو زەمینەی ، ناوی منی لە دەریادا ونکرد ! .

بەر لە ئێمە ، تەنها تۆ هەبووی .

ێزی چرکە ساماناکەکانم تێبینی کرد . ساتەکان بچوك دەبنەوە . هەر کاتێك خوازیاری هەر شتێك بم ، دەزانم خاکی پرتەقاڵەکان ، هەرگیز ناتوانێ ببڕتە بەخشەری خۆخە تازەکان . لە نێوان هاتن و نەهاتندا ، چلوورە دەتوێتەوە بە ئاراستەی هاتنی من و نەهاتنی شەو . لە لاپەڕەی کۆتایی هەموو کتێبەکانی قوتابخانەدا ، تێبینی چرکەساتی ێیشتنی زۆر شت دەکەم . چرکەساتە سامناکەکان ، ێزی منیان نەگرت .

بەر لە باران ، تەنها تۆ هەبووی .

من ێووباری (سیروان) نیم . ئێستا لە هەفتەیەکدا ،
تەنها
ێژێك
چاڵەکەکان
دێنە سەر گێی شکستەکانم ! .
دیوارەکان ، تووڕەن . هەورەکان ، بەشێکی ترن لە پێگە ناوازەکانی ئاو . دەزانم هەموو خەتای من بوو لە ناکاو بۆیاری سزادانی چاویلکە شکاوەکانمدا . خاك گیانی سپارد . مانگ و ئەستێرە ، لە جوانی ئاوێتەی یەکتری ، پیاڵەکان پێ دەکەن لە پرسیار ، پیاڵە شکاوەکان نەبن : من ێووباری (سیروان) نیم .

بەر لە مردن ، تەنها تۆ هەبووی ! .

وشە تەنیاکان ، بخەینە نێو گۆزەیەکی شکاوەوە .
خەیاڵم
دەبێ بە با .
چی لە دانەدانە کەوتنی گەڵاکانی پایزدا تێبینی دەکرێ ؟ . کە ویستم بڕۆم ، دەرگاکەم بە ێووی خۆمدا داخست ، با ئەوانەی لە ژوورەوەن ، هەست بە سەرمای ناخی من نەکەن . تێ یەکەمین و دووا‌هەمینی . شەختە بەر لە تووانەوە ، بیری دەکەوێتەوە مەرگ نزیکە . چی دەبێت ئەگەر لە ناکاو سەر بەرز بکەیتەوە و ببینیت کە ئاسمان پڕە لە ئەستێرە ؟ . ئەمڕۆ نە ماڵەوەم گسك داوە ، نە دەستم بردووە بۆ سڕەوە سوورەکانی پەنجەرەی وەستان بە ێووی بیرەوەرییەکان . دەخوازم وێنەی دارگوێزێك بکێشم لەسەر قەدی دارقەزوانەکە . بە هەر حاڵ ، هەموو کەسێك لە کۆتایی تەمەنیدا ، بیری دەکەوێتەوە کە

زۆر شتی لەدەستداوە .
تۆ
بەسەرەتا و
بۆکێتای . وجودم سوورە و بەسەر ئەو شووشە شکاوانەدا دەنووزێتەوە
! .

سەگ بەر لە تۆپین ، بیری دەکەوێتەوە ، ئەو هەرگیز مەیموون نەبووە
.

تا لە سەرابی ژۆە مەیوەکان غەرق نەبووین ، با هەست بکەین ئازارەکان بە هێی دووری وشەکانە لەو ستانەی چوون بەرەو ئۆقیانووسی برین . تۆ بۆ هەمیشە و بۆ هەمووانی . کاتێکی زۆر تۆپەیوە و هاوین لە دەرەوە و ناوەوەی ماڵەکەمان هەر هاوینە .

کەر بەر لە نەمان ، بیری دەکەوێتەوە ، ئەو هەرگیز (داروین) نەبووە .

من لەنیو ئەو خەڵکەدا ، ویستم خۆم بدۆزمەوە لە ساتی بیرکردنەوە لە ونکردنی شتە سەرەتاییەکان . دڵنیام من سەر بە ڕەگەزی ئەو پەشیمانییانەم کە زۆر دوور و بەسوودن . ئەو ژۆە دەردەکەوێ خۆشتبوێم ؟ . کێ هەیە وا بکا من سەرمام نەبێ لە بارێکدا دڵم پڕە لە شەختە ؟.

باران نم نم نابارێ .

بووراندنەوەی من و چڕچڕۆ خۆناوییەکانی دایکم … . بڕند باجڵان

بۆ : (ن) و بارانەکانی کێ (ن)(ن) دڵیانبارێنێ

……

بەسەرکردنەوەی شەو
لە بەردەم شەوی کۆتنی سەودا
بەسەر تەنیایی سەودا
ساتی هاتنەوەی بزەو گەشتنی پەسیرە
بە دەم خەوەوە
کۆتنی نەو دەستکان نائومێدی دیکەی تە بوون
لە
بەردەم ئەو ئوتوبانە ساردەدا
کە من هاتمەوە و
تە دەگەیشتی بەرەو
شەوی یەکەمی
کۆتنی سەو بەسەر تەنیایی باخچەدا
کاتژمێرکان .. هەمیشە کاتژمێرکان دەهاتن بە دیدەنی تە
ساتی بەر پەنجەرە و ساتی بەر لە بارینی باران بەسەر شووشەی ئەو
هاتنەوەیەتدا
بەیتەوە کانتەرکە پە دەکەم لە پرتەقاڵ
لە ئەناناسی
قاشکراوی سوور بە خوێنی هەنار
بەسەرکردنەوەی شەو لە نیوەگەیەکی تەنیادا
مزگێنی بوون بەم کاتە زانیم تە ناگەیتەوە بە بینینی کانتەری پە
لە پرتەقاڵ و
سەوی سوور سوور بەخوێنی من و
خوێنی چەلەکە
چەلەکەکان خوێن دەخەنەوە لە ئوتوبانە ساردەکەدا
کە تە من بکوژی بە بەدەنگی بە بەدەنگیم بناسێنی
من دەبە چەن دەستم بگا بە کانتەرکە
و
تەرمی سووری نەوی و ئەو کوژرانە؟
دەستم بکە بە کەشتی و
با من دابەزم بە کەناری دەریاکە .. دەبوورەمەوە
چەلەکەکان لە بەردەم پەنجەرەکەدان
باوکم دەگە : چەلەکەکان کە لە بەردەم پەنجەرەکەدان ..دەبوورەنەوە
تکایە پەلە بکەن و با من لەو کەشتیە دابەزم
زەمین بەر لە کۆتنی سەوی
بیرکاری
هاوکێشەی فەینی
کەترە بەرەو مردن

مردن دەتەوێ بە زەمبیلەك
لە شەوی بەسەرکردنەوەی شەو لە شەوێکی تەنیادا
باخەوان خەی کەدەکاتەوە:
زەمین بەر لە کەوتنی سەوی مەرگ هاوکێشەی فەینی من بوو بەرەو
خیابانە کارتەنییەکان
کارتەنی پە لە ئاو
ئاوی پە لە ماسی
من خالی لە ئاوی پە لە کارتەن و ماسی پە لە سەوی ماتماتیك
باوکم دەڵێ : دەم دەوەستێ و قاڵاوەرەکەم ببەن بۆ گۆڕستان بینەژن
دایکم دەستی دەخاتە سەر دڵی و ژوورەکەمان کتێب داگیری کردووە
دایکم لە گۆڕستاندا چەرچەفی خوێناوی دەداتە بەر با و
باران دەیبوورێنێتەوە
تەش بووراندوەی من بوویت کاتێ دەم دەوەستێ و دەمبەی بۆ گۆڕستان
مەمنەژێ لەسەر قاڵاوەڕی جەماوی باوکمدا بمچێنێ
تا دەبووریتەوە .. بۆ چەرچەفی خوێناوی بەر با کفنت دەکەن
کۆ
بۆ
هەواشی
دەبووڕمەوە
من باران دەبووڕنمەوە و خەم بۆ نەرمی دەخەمە ژێر پرسیارەوە
مەمنەژێ تا دایکم بۆتە دیدەنیم
و
ببینێ من مردووم
و
گۆڕهەڵکەن
داوای مەرگی کەسك دەکا لە بەی هەڵکەندنی گۆڕێك بۆ من
چەند سەخت دەڵێوا ئەو ماشێنە
کۆ
خەیار و مەرگی هەڵگرتووە
دە
کۆ
دەوەستێ .. مەمنەژێ تا کۆکەم دەڵێ : بابێ مەمنون
مەمنون کە نەتهەشت
یەخەی ئەو گوڵێ یەخانێ و یەخەی خەم نەدەم
دەبوو بیدەم ..ئەو هەموو کفنێ بدەم لە بەرما
چەند سەخت دەڵێوا ئەو گالیسکەیە کە گوێ
و

تەی هەگرتووە
تە جەم مەهلَە کەس هیچم پێنادا تە نەبە کە خەتم پێبدەی
با ئەو کانتەر بکرێتەوە
تەرمی شاردراوەی نەو پرتەقاڵەکان و
قەڵەشە مەمیاکراوەکان .. ببوورێنینەوە
قسە لەسەر فەریکە نەك نیيە
ئیتر ئەوا مانگ لە باوەشی کەیلەیەکی نەو زیندان خەوتووە
زیندانەکە زیندانی بکەن
وەرزی دروێنە و مردنی لەسەرخەیە
وەك سەرخەشەك نەتهەشت قەپلکە هەلکە جگای دە بگرێتەوە
لە چنووکی شەکەتی ئەم سەدیە هیچ نەقەوما
دانەوەڵە دەبارە لە زەویەوە بە سەر ئاسمان
لەژەر کورسیدا تەقە تەق
لە دەرەوەدا قسەی پە لە نهێنی
دەمکە باخچەی ماڵەکەمان بەتە مەزرای ئاژەڵان
پەشەلی یاسای چیلکە دار و گڵا ناکەم
لەژەر سەبەری بزنەکە
شاعیرەك شیعر دەنووسە بە خەشوێستەکەی کە مردنە
گوڵگەنم سەر دەردێنن
وەرزی دروێنە و دوورکەوتنەوەتە…
بە فانەسی سپی
بەنەو دارستانی سەوزدا
دەڵەم.
درەختەکان
لایلایە بە چەلەکەکان دەکەن .
دەریاکان
پەن لە دەستنووسی با و
.ەشبا
کاتی ڵەیشتنم هاتووە
ئەوە دەمرن و منیش لە چاوەڵوانی مردندا
سەفەر دەکەم
قوە و لیتەی باخچە باریوە بەسەر سەری
باراندا
لەنەو دەڵەپەك فرمێسکدا کەنسەرتەك ساز دەکەم : کەنسەرتی پەکەنین.
پەکەنین ئاوازی گریانەکانی
ئەمەمە
خەشوێستە بچکەلەکەم

قسە ناکەم
ئەوەی پرد دروستدەکا بە پێینەوە من نیم
زرینگەی زەنگوێ و خرخاڵ بەرز دەبێتەوە
بە فانۆسکی ڕەشەوە دەگەیتەوە لام
هەشتا
درەختەکان لایلایە بە چڵەکەکان دەکەن
هەشتا
دەریاکان پێن لەو مردووانەی ئاوازی ئەمەمن.
بە ئاو پاکژ نابێتەوە
ووت
پێخواس
ئاوابووین و هەشتا خەر ئاوانەبوو
سەوزایی چاوت پە بوو لە جوانی ڕەنگ زەرد
ئەو گەرانییەی بە یەکەوە نەمانگوت
گەرانی دڕێ بە ئەو منداڵانەی لاسایی بەچکە شەرکان دەکەنەوە
تە سەرەنجت نەداوە
یان
بەدەنگیی باڵندەیە هەموو شتکی تەنیوە ؟
من دەزانم
ئەو کەفە زەرە
هاواری یەکەمین باڵندەی کوشتووە
ئەگەر تە بارانی یەکەمینی
نووستووی نەو تابووتی بەردین
بە پێنج دڕێپە خوێنی سەر چەقە لەش پیسە
هەشتا
کاتژمێری وەستاو
هەشتا
جووڵەی نەوان دوو کەوانە
هەشتا
. مەرگ
گیانك
پە لە برینی فەنك
لە خانووەکی دیکەدا
گوێی لە ترپەی دەمە
سووك سووك
برینەکانی دەپێچێتەوە و دەپرسە : کاتژمێر چەندە بە تەوقیتی برین
؟

ئەوەی من باسی دەکەم
باران تێدەگا
چەقیەك و
حەوت دەپە خوێنی مەیو
لەبەر باران ڕووت دەبنەوە
خۆشەویستە بچکۆلەکەم لەنەو جێگای خەوتنەکەیدا گرانی دەکا
گیانەکیش
پە
لە بیرەوەری
لەبەر بارانی دڕاوە تێزیوە.
بۆ هەموو خوێنەوە چەن لەو شەقامە بپەڕمەوە ؟
خوێنکی زەرم لەبەر دەڕوا
دەترسم ماشێنکان بە هەڵنەکانیان گەرمی ئەو نیوەیەم بە بگەن
بە ساردیی بەفر , لە ژیانمدا یەك جار بەفرم بینیوە ببارێ , بە
چەند خولەکێکی کەم بەفر باری بەسەر کارگەی دروستکردنی بوزدا .
دەترسم ماشێنکان بەر لە من بپەڕنەوە سەر شەستەکێ , ماشێنکان لە
شەقام دەترسن , کەسەك لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا مردووە , وابزانم
ئەمە هەکاری بارینی بەفرە قورسەکەی بەیانییە , بەیانی بەفر
دەبارێ بەسەر کارگەی مافووردا , تە لە کارگەکەدا کاردەکەی ,
مافوور دروست دەکەی و بیر لە من دەکەیتەوە لە ناوەڕاستی
شەقامەکەدا مردووم و ماشێنکان لە ترسی من دەپەڕنەوە سەر
شەستەکان.